پاراستنی
ژیان

گۆڕینی
ژیان



# عێراق
# ڕاپۆرتی ساڵانەی وڵات 2018
## پلانی ستراتیژیی وڵات
2018 - 2019

ڕێنمایی خوێندنەوەی ACR

World Food Programme

# خشتەی ناوەڕۆك


پوختە ... 3
چوارچێوە و چالاكییەكان ... 6
كاركردیی پرۆگرام - سەرچاوەكان بۆ ئەنجامەكان ... 8
كاركردیی پرۆگرام ... 9
دەرئەنجامی ستراتیژیی 01 ... 9
دەرئەنجامی ستراتیژیی 02 ... 10
دەرئەنجامی ستراتیژیی 03 ... 11
دەرئەنجامی ستراتیژیی 04 ... 12
دەرئەنجامی ستراتیژیی 05 ... 13
ئەنجامە گشتگیرەكان ... 16
بەرەوپێشچوون ڕووەو یەكسانیی ڕەگەزیی ... 16
پاراستن ... 16
لێپێچینەوە بۆ دانیشتوانی زیانلێكەوتوو ... 17
ژینگە ... 18
داهێنان ... 19
ژمارەكان و نیشاندەرەكان ... 20
پەراوێزەكانی داتاكان ... 20
سوودمەندان بەپێی گرووپی تەمەن ... 22
سوودمەندان بەپێی دۆخی نیشتەجێبوون ... 22
دابەشكردنی ساڵانەی خۆراك (ملیۆن تەن) ... 22
گواستنەوەی پەیوەست بە پارەی نەختینە CBT و دابەشكردنی كوپۆنی شمەكیی (دۆلاری ئەمریكیی) ... 23
نیشاندەرانی بەرهەم ... 24
نیشاندەرانی دەرئەنجام ... 26
نیشاندەرە گشتگیرەكان ... 33
بەرەوپێشچوون ڕووەو یەكسانیی ڕەگەزیی ... 33
پاراستن ... 34
لێپێچینەوە بۆ دانیشتوانی زیانلێكەوتوو ... 35

# پوختە

ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانیی (WFP) لە ساڵی 2014، چالاکییەکانی فریاگوزاریی نائاسایی- Emergency لە عێراقدا خستەگەڕ. لە کانوونی دووەمی 2018، (WFP) چووە سەر پلانی ستراتیژیی کاتیی وڵات لە قۆناغی ڕاگوزەر - ئینتیقالییدا (TICSP). بەهۆی مانەوەی بارودۆخەکە و پێویستییەکانی ئاوارەکانی ناوخۆ (IDPs) و پەنابەران بە ناجێگیریی پاش ئەو پرۆسەی گەڕانەوەیەی لە سەرەتای 2018 دەستیپێکرد، WFP کەوتە کار بۆ دابین کردنی یارمەتیی خۆراکیی مانگانە بۆ زیاتر لە 596,000 کەس لە ئاوارەکانی ناوخۆ و 59,000 پەنابەریی سوریی لە کامپەکاندا،هەروەها بەشە خۆراکییەکانی وەڵامدانەوەی خێرا- Immediate Response Rations بۆ ئەو خێزانانەی تازە یاخود بۆ جاری دووەم ئاوارە بوون.هەروەها WFP پرۆگرامی فریاگوزاریی پێدانی خۆراکی لە قوتابخانەکاندا خستەکار لە خورئاوای موسڵ کە گەیشت بە نزیکەی 89,000 منداڵ- و پرۆگرامێکی توانای بەرەنگاربوونەوە بۆ یارمەتییدانی پەنابەرە سورییەکان و ئەو عێراقییانەی گەڕابوونەوە و کۆمەڵگە خانەخوێیەکان. لە 2018، WFP عێراق یارمەتیی نزیکەی 780,000 کەسی دا.

لەگەڵ دەستبەکاربوونی خەڵکی زیانلێکەوتوو بە هۆی ململانێوە بۆ بنیاتنانەوەی بژێویی ژیانیان، WFP پرۆگرامەکەی بۆ یارمەتیی خۆراکیی بۆ سەرچاوە بەنرخەکان (FFA) زیاتر کرد بۆ ئاسانکردنی دەستگەیشتنی خێزانە لاوازەکان بە خۆراك لەڕێی بوژاندنەوەی سەرچاوە کشتوکاڵییەکانی داهات و پاراستنی سەرچاوە بنەڕەتییە بەرهەمهێنەکان و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ. پرۆگرامی FFA گەیشت بە زیاتر لە 33,000 کەس و توانای بەخشی بە خێزانەکان بۆ پەیداکردنی داهات هاوکات لەگەڵ برەودان بە بوژاندنەوەی سەرچاوە زیانلێکەوتووەکانی ئاو بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی بۆ 11,000 خێزان و 20,000 دۆنم زەوی.

داهێنانی ژمارەیی- Digital ڕۆڵی هەبوو لە پڕۆژە پێشەنگەکەی WFPی تەکنەلۆژیا بەرامبەر خۆراك دا، کە بە هۆی تاودەری داهێنانی WFP یەوە ئامادەکرابوو ویەکەم جێبەجێکردنی ئەزموونیی لە 2017 بوو. لە 2018، WFP عێراق سەرکەوتووبوو لە فراوانکردنی پڕۆژەکە بۆ 4 پارێزگا و 8,370 کەسی گرتەوە[1] لەڕێی ڕاهێنانەوە لە سەر تەکنەلۆژیای زانیاریی–IT وکارامەیی ومەشقی ژمارەیی، ئەو گەنجانەی لە دۆخی لاوازییدا بوون لە نێو پەنابەرە سورییەکان و ئاوارەکانی ناوخۆ و کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکاندا توانای ئەوەیان هەبوو کارامەیی ژیرانە وەربگرن بۆ ئەوەی بچنە بازاڕی ژمارەیی و دەرفەتەکانیان بۆ بەدەستهێنانی کار باشتر بکەن. لە کانوونی دووەمی 2018، پڕۆژەکە خەڵاتی پێشبڕکێی "ئەفرێنەربە لە پێناو پەنابەراندا"ی 2017ی کۆڕبەندی پەیمانگەی ماساچوسێتس بۆ تەکنەلۆژیا- MIT بۆ کارسازیی لە جیهانی عەرەبدا بردەوە.

WFP بەردەوام بوو لە کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ بەهێزکردنی تۆڕەکانی پاراستنی - کۆمەڵایەتیی و، پێکەوە لەگەڵ ناوەندی نێودەوڵەتیی بۆ توێژینەوەی کشتوکاڵیی لە ناوچە وشکەکاندا (ICARDA)، یارمەتیی حکومەتیاندا لە گەڵاڵەکردنی" پێداچوونەوەی ستراتیژی نیشتمانیی بۆ ئاسایشی خۆراکیی و خۆراکدان لە عێراق- بەرەو لەناوبردنی برسێتیی"، کە بە ڕێبەریی ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ئەنجامدرا.

ئەو پێداچوونەوەیە کۆمەڵێك سیاسات و گۆڕانکاریی دامەزراوەیی و وەبەرهێنانی گەڵاڵەکرد بۆ بەدیهێنانی ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوام SDG ژمارە 2" لەناوبردنی برسێتیی". ئەو شیکارییانەی تریش کە WFP ڕێبەریی کردوون لەوانە " ئەتڵەسی کۆمەڵایەتیی-ئابوریی" و "ناوچەکانی ئاسایشی خۆراکیی لە عێراق" زیاتر یارمەتیی و بڕیاردانی بەرچاوڕوونانەیان پێشکەشکرد بەرەو سیاسات و پرۆگرامگەلی بەردەوام کە ڕێنمایی پلانی ستراتیژیی وڵات CSP 2020-2024ی WFP بۆ عێراق کرد.

یەکێکی تر لەو توێژینەوە ناوخۆییانەی ڕاسپێردرا بوو بە WFP لەمەڕ پەیوەندیی نێوان یارمەتییە مرۆییەکان و سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتیی، ئاماژەی کردبوو بۆ ئەوەی سەقامگیریی زیاتر لە عێراق دەبێت ببێتە هۆی وەرچەرخانێك لە گەیاندنی یارمەتییەوە لە لایەنە مرۆییە نێودەوڵەتییەکانەوە بۆ پرۆگرامگەلی پاراستنی کۆمەڵایەتیی بە ڕێبەریی حکومەت،و ڕوانینێکیشی ئامادەکردبوو بۆ پرۆگرامێکی وەڵامدەرەوەی شۆك (صدمة) و خاوەن توانای خۆگونجاندن بۆ دڵنیایی کۆمەڵایەتیی [3].

هەروەها WFP پەرەیدا بە هاوبەشییەکەی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی، بە دابین کردنی شارەزایی و یارمەتیی هونەریی بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگەچارە ژمارەییەکان بۆ بە سەردەمییانەکردن لە سیستمی دابەشکردنی گشتیی (کۆبۆنی خۆراك) (PDS) ، بە ئامانجی باشترکردنی بەڕێوەبردن و ڕوونکاریی لە چالاکییەکانی PDS دا،و خزمەتگوزارییە لێهاتوو و لە پێشینە ڕیزبەندکراوەکان بۆ هاووڵاتیان.

**779,241**

سەرجەمی سوودمەندان لە **2018**



49%
مێ

51%
نێر

### سوودمەندان بە پێی دۆخی نیشتەجێبوون




### سوودمەندان بە پێی گرووپی تەمەن




### گواستنەوەی پەیوەست بە پارەی نەختینە
### و دابەشکردنی ساڵانەی کۆپۆنی شمەك (دۆلاری ئەمریکی)



**دابەشکردنی ساڵانەی خۆراك (تۆن)**



# چوارچێوە و چالاکییەکان

بـارودۆخی ئاسایشـی عێـراق بەگشـتیی بەرەو باشـتر ڕۆیشـتووە لە کـاتی شکسـتخواردنی دەوڵەتـی ئیسلامیی لە عێراق و شام (داعش)ەوە لە کۆتـایی 2017، ئەگەرچی ئاڵنگاریی گەورە و گران هەر ماون لەوانە گواستنەوە سیاسیی و ئەمنییەکان، نا سەقامگیریی ئابوریی و پشێویی کۆمەڵایەتیی بەهۆی هەڵکشانی تێکڕای بێکاریی و خزمەتگوزارییە گشتییە داڕماوەکان و ئاستە نزمەکانی بژێویی ژیان. هێشتا بارودۆخی مرۆیی ناجێگیرە لە زۆر ناوچەدا کە کەوتونەتە بەر کاریگەریی ململانێ.
یەکەم هەڵبژاردنی پارلەمانیی لە پاش جەنگی ناوخۆی 2014ەوە لە ئایاری 2018 ئەنجامدرا، کە چەندین مانگ دانوستاندنی بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازەی بەدوادا هات. لە ئەیلولدا ، هاوپەیمانێتییەکی گەورە ڕێی خۆشکرد بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران. بەڵام، بە هاتنی کۆتایی 2018، تەنها 18 لە کۆی 22 وەزیر دەستنیشانکران.پۆستە وزارییە سەرەکییەکان بۆ چالاکییەکانی WFP و بۆ سەقامگیریی- داد-ناوخۆ-بەرگریی –بە یەکلانەکراوەیی ماونەتەوە.

سەرباری توانای ئابوریی و مرۆیی عێراق، هێشتا وڵاتەکە دەناڵێنێت بەدەست کاریگەرییەکانی دەیان ساڵ لە ململانێوە.ئابوریی بەرەبەرە ڕووەو بوژانەوەیە پاش گوشارەکانی سێ ساڵی ڕابردوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو قەیرانانەی هێشتا ماون بەردەوامن لەوەی بێ ئەندازە بارێکی قورس وگران بخەنە سەر ئاوارەکانی ناوخۆ وکۆمەڵگە خانەخوێیەکان.سەدان عێراقیی لە سەر ئاستی وڵات خۆپیشاندانیان کرد لە ئابدا، داوای خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و هەلی کارو کۆتاییهێنانیان بە گەندەڵیی دەکرد.

ئاستی بژێویی لە عێراق بەرەو خراپی چووە [1]. ڕێژەکانی نەداریی 40 لەسەدیان تێپەڕاندووە لەو ناوچانەی کەوتوونەتە بەر هەرە زۆرترین کاریگەرییەکانی هەڵمەتە سەربازییەکانی دژ بە داعش،کە دەگاتە 22.5 لەسەد لە باقیی وڵات [2]. کاریگەریی قەیرانەکە توندتر بووە لەو ناوچانەی بەر کاریگەریی ململانێ کەوتوون. نرخەکانی خۆراك و بە کرێدان لە بەرزبوونەوەدان، بە تایبەت لەو پارێزگایانەی خانەخوێی بەشی گەورەی پەنابەرە سورییەکان و ئاوارەکانی ناوخۆن، وەکو نەینەوا، دهۆك و هەولێر. بەکۆی گشتیی، 2.5 ملیۆن کەس لە دۆخی لاوازییدان بەرانبەر نەبوونی ئاسایشی خۆراکیی [3]. لە ماوەی بەرەنگاربوونەوەدا لەگەڵ داعش، 40 لە سەدی توانای بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیی فەوتا، بەتایبەت لە نەینەوا، ئەنبار، سەلاحەدین و دیالە. گۆڕانی کەش و هەواش دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد، بەوەش بەرهەمداریی کشتوکاڵیی نزمتر بووەوە وئەو خێزانانەی لە دۆخی لاوازییدان خستە بەر نەبوونی ئاسایشی خۆراکیی، بەدخۆراکیی،هەژاریی و ئاوارەبوونی زۆرەملێ[4].

بە هاتنی کانوونی یەکەمی 2018، زیاتر لە 1.8 ملیۆن ئاوارەی عیراقیی ،4.17 ملیۆن گەڕاوە و 252,526 پەنابەری سوریی لە عێراقدا هەبوون، بەراورد بە 2.7 ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ، 3.2 ملیۆن گەڕاوە و 257,057 پەنابەری سوریی لە کۆتایی 2017. لە کاتێکدا ئەو ژمارانە وا دیاربوو کە روو لە کەمبوون دەکەن، خێزانەکان باسی دووبارە ئاوارە بوونەکانیان دەکرد بەهۆی ئەوەی ناچارکران بگەڕێنەوە بۆ کامپەکان بەهۆی هەلومەرجە ئەمنییەکانەوە و نەبوونی کار و دەرفەتەکانی پەیداکردنی بژێویی لە ناوچەکانی زێدی بنەڕەتییان.لە هەندێك لە پارێزگاکان، ئاوارەکانی ناوخۆی دەرەوەی کامپەکان هانیان دراوە بچنە ناو کامپەکان هەر کاتێك شوێنی چۆڵیان دەستکەوتبێت. لە هەندێك ناوچە، گرووپگەلی نەژادیی دیارییکراو-وەکو ئێزیدییەکانی شنگال-ڕێگریان لێکراوە لە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی زێدی بنەڕەتییان بەهۆی تێکەڵەیەکی ئاڵۆز لە ترسی سیاسیی و ئەمنیی، و ململانێی بەردەوام لە نێوان شەڕکەرە چەکدارەکان و وڵاتانی دراوسێ.ئەوانەی دوچاری ئاوارەبوونی



درێژخایەن بوون، بەردەوام بوون لە پشتبەستن بە یارمەتییەکان لە WFP یەوە بۆ دابین کردنی پێویستیە خۆراکیەکان. وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق (MoMD) و سیستمی دابەشکردنی گشتیی (کۆبۆنی خۆراك)ی وەزارەتی بازرگانیی (PDS) هەردوو پێکەوە هەندێك بەشە خۆراکیان دابەشکرد. لەگەڵ ئەوەش، دابەشکردنەکە ڕێکخراو نەبوو بەهۆی بەردەست نەبوونی چوونیەکی بڕی نێو گەنجینەکان. کێشەکانی بەدواداچوون لە سیستمی دابەشکردنی گشتیی (کۆبۆنی خۆراك)یشدا حکومەتی پەککستووە لەوەی بە ئاسانیی یارمەتیی دابین بکات بۆ ئەو خەڵکەی لە ئاوارەییدان. لەمەوە، یارمەتیی WFP چارەنوسساز بوو لە تەواوکردنی بەشە خۆراکییەکانی حکومەت.

بە کارکردن بەرەو ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوام (SDG) 2 " لەناوبردنی برسێتیی" و SDG 17" هاوبەشکارییەکان لە پێناو ئامانجەکاندا"- لەپاڵ ئامانجەکانی تری گەشەپێدانی بەردەوامدا- WFP کاری پێکەوەیی کرد لەگەڵ هاوبەشەکان بۆ یارمەتییدانی عێراق لە بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراکیی و خۆراکدانێکی باشترو برەودان بە کۆمەڵگەیەکی لەئامێزگری هەموان و بەهێزکردنی هاریکاریی. WFP هەماهەنگیی کرد لە چالاکییەکانیدا لە 2018 بۆ وەڵامدانەوەی باری نائاسایی و بوژاندنەوەوە و توانای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ لایەنەکانی تر لەڕێی پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی، چوارچێوەی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆبوژاندنەوە وتوانای بەرەنگاربوونەوە، پلانی هەرێمایەتیی بۆ بوژاندنەوە و توانای بەرەنگاربوونەوەی پەنابەران بۆ قەیرانی سوریا، چوارچێوەی گشتیی پلانی نیشتمانیی بۆ بنیاتنانەوە و گەشەپێدان،و ستراتیژی نیشتمانیی عێراق بۆ کەمکردنەوەی هەژاریی (2022-2018).

چالاکییەکانی WFP لە عێراق لە سایەی پلانی ستراتیژیی کاتیی وڵات لە قۆناغی ڕاگوزەدا (TICSP) 2018 سێ دەرئەنجامی ستراتیژیی (SO) لەخۆگرتبوو کە بایەخیان چڕکردبووەوە لەسەر وەڵامدانەوەی پێداویستییە خۆراکییە بنەڕەتییەکانی خێزانە ئاوارەکانی ناوخۆ کە ئاسایشی خۆراکییان نییە لە نێو کامپەکان و پەنابەرە سورییەکان لە عێراق لەڕێی گواستنەوەی پارەی نەختینە و خۆراکەوە (SO1 و SO2)، و پەرەپێدانی چالاکییەکانی پەیداکردنی بژێویی ژیان و بنیاتنانی توانای بەرەنگاربوونەوە بۆ یارمەتییدانی گەڕاوەکان و کۆمەڵگەکانی ناوخۆ کە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی بژێویی و داهاتەکانیان بە شێوەیەکی خراپ کەوتبوونە بەر کاریگەریی قەیرانەکان(SO3). دەرئەنجامی ستراتیژیی چوارەم SO4 بایەخی چرکردبووەوە لەسەر بەهێزکردنی توانای حکومەت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هۆشیاریی خۆراکدان، لە کاتێکدا SO5 بۆ دڵنیابوون بوو لەوەی هەماهەنگییەکی کاریگەر بۆ پشتیوانیی مرۆیی فەراهەمدەکرێت هەر کات پێویست بوو.

بەرەو کۆتایی 2018، عێراق سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی هێرشەکانی بەخۆوە بینیی لەلایەن چەکدارە پەرتەوازەکانی داعشەوە، کە ئامانجیان سەرکردە ناوخۆییە پلەبەرزەکان و هێرشکردنە سەر ژێرخانی کارەبا و ئاو بوو. هەواڵی زۆربەی ڕووداوە ئەمنییەکان لە پارێزگاکانی کەرکوك و دیالە و سەلاحەدین و نەینەوا و ئەنبار و شاری موسڵ و پشتێنەی بەغدادەوە دەهاتن، کە ئەوەش جێبەجێکردنی مەیدانیی قوڵی چالاکییەکانی خستە بەر مەترسیی گەورەتر، لەوانە کاری WFPی لەسەر باشکردنی بژێویی لە ناوچە گوندنشینەکان.هەنووکە دیالە و کەرکوك و سەلاحەدین چەقی هەوڵەکانی دەوڵەتی ئیسلامیین بۆ خۆڕێکخستنەوە.

# کارکردەیی پرۆگرام – سەرچاوەکان لەپێناو ئەنجامەکان

پلانی ستراتیژیی کاتیی وڵات لە قۆناغی ڕاگوزەدا (TICSP)ی 2018 بۆ عێراق، کە درێژکرایەوە تا حوزەیرانی 2019 لە ڕێی دارشتنەوەیەکی بودجەوە کە لە تشرینی دووەمدا پەسەندکرا،بە تەواوەتیی داراییەکەی دابین کرا لەبەرانبەر ئەو پلانەی لەسەر بنەمای پێویستیی گونجێنرا لە کۆتایی 2018. لەگەڵ ئەوەش، دەرکەوت کاتی سەرچاوە داراییەکان پڕ بەرەنگاریی بوو. ئەمەش بووە هۆی بارودۆخێکی گۆڕاوی دارایی بەخشین بە درێژایی ساڵ و کاریگەریی کردە سەر چالاکییەکانی پرۆگرامەکە.

15 کۆمەك بەخش هاوبەشیان کرد لە (TICSP)دا، لە ریزی پێشەوەی کۆمەك بەخشەکان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیا و ژاپۆن و کەنەدا بوون. پرۆگرامی فریاگوزاریی خۆراك پێدانی قوتابخانە بەتەواوەتیی داراییەکەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بوو. چالاکییەکانی خۆراك پێدان لە قوتابخانەکان هەڵپەسێردرابوو لە 2014ەوە، بەڵام کەوتەوەکار لە پرۆگرامێکی فریاگوزاریی ژەمەخۆراکییەکانی قوتابخانە لە ئادار بۆ ئایاری 2018 لە خۆرئاوای موسڵ. دەبوو 26.2 ملیۆن دۆلاری ئەمریکیی بەکاربهێنرێت لە سایەی پرۆگرامی خۆراك پێدانی قوتابخانەدا، کە لە هەڵپەساردندایە لە چاوەڕوانیی ڕێککەوتندا لەگەڵ وەزیری نوێی پەروەردە لە 2019.

وەك بەشێك لە ستراتیژی کۆکردنەوەی دارایی WFP عێراق و داکۆکیی کردن لەپێناو داراییەکی گونجاو و پێشبینییکراو و چەند ساڵیدا، بازنەی کۆمەك بەخشان فراوانتر کرا و پشتگیرییەکی زیاتر هەبوو لە کۆمەك بەخشەکانەوە بۆ چالاکییەکانی توانای بەرەنگاربوونەوە. کۆمەك بەخشینی فرە لایەن زیاد لە 10 لە سەدی ئەو سەرچاوانەی پێکهێنا کە بەدەستگەیشتن. ئەمەش چارەنووسساز بوو بۆ زامنکردنی وەڵامدانەوەیەکی چوست و چالاك و پڕکرنەوەی کورتهێنانەکان لە ناوەڕاستی ساڵدا.

سەرباری ئەوە، هەلومەرجی پڕ ئاڵنگاریی دارایی دان لە چارەکی دووەم و سێیەمی 2018 کاریگەریی هەبوو لەسەر توانای WFP بۆ دابەشکردنی تەواوی بەشە خۆراکییەکان بۆ خێزانە ئاوارەکانی ناوخۆ کە لاوازن لە سایەی دەرئەنجامی ستراتیژیی 1 (SO). لە نیساندا، WFP ناچاربوو دابەشکردنی دووانە بەشە خۆراکییەکانی خێزان (FFRs) ڕابگرێت بۆ ئەو خێزانانەی ژمارەی ئەندامەکانیان زۆرە لە ئەیلول و تشرینی یەکەمدا FFR و شایستەکانی یارمەتیی نەختینەیی کەمکرانەوە بۆ نیوە. تەواوی شایستەکان لە تشرینی دووەمدا گەڕێندرانەوە، لە ئەنجامی پشتگیرییەکی نوێکراوەی کۆمەك بەخشەکان. 13.6 ملیۆن دۆلاری ئەمریکیی بەرەو یارمەتیی گشتیی خۆراك بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ وەرگیرا لە کۆتایی ساڵدا، و بڕیارە بەکاربهێنرێت بۆ بەردەوام بوون لەسەر جێبەجێکردنی یارمەتیی بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ لە چارەکی یەکەمی 2019 دا.

بۆ یارمەتیی WFP بۆ پەنابەرانی سوریی لە چوارچێوەی دەرئەنجامی ستراتیژیی SO2 ، کۆمەك بەخشێکی سەرەکیی زیاتر لە نیوەی ئەو داراییە بەدەستهاتووەی دابین کرد. هەروەها WFP عێراق پشتیوانیی کرا بە هەوڵەکانی کۆکردنەوەی کۆمەکی دارایی لە سەر ئاستی ڕێکخراوەکان لە چوارچێوەی قەیرانی سوریادا. لەگەڵ ئەوەشدا، پشتبەستن بە ژمارەیەکی سنووورداری کۆمەك بەخشەکان WFP توشی داراییەکی سنوورداركرد، بە سنووربەندییەکانەوە لەسەر بەکارهێنانی گواستنەوەی بێ مەرجی نەختینە. 3.1 ملیۆن دۆلاری ئەمریکیی بەرەو یارمەتیی گشتیی خۆراك بۆ پەنابەران وەرگیرا لە کۆتایی ساڵدا، و بەکاردەهێنرێت بۆ بەردەوام بوون لەسەر جێبەچیکردنی یارمەتیی بۆ پەنابەرانی سوریا لە چارەکی یەکەمی 2019 دا.

پرۆگرامی بژێویی ژیان لە سایەی SO3 دا بۆ یارمەتییدانی گەڕاوە عێراقییەکان و کۆمەڵگە ناوخۆییەکان و پەنابەرانی سوریی بە باشی داراییەکی دابین کرا بە 73 لەسەد. WFP بەردەوام بوو لە برەودان بە داراییەکی پێشبینیکراو و چەند ساڵیی بۆ زامنکردنی دەخاڵەتکردنەکانی مەودای دوور، بەرەو پشتگیریی کردنی چالاکییەکان بەباشی لە 2019 دا، بەتایبەت کە WFP عێراق لە 2019 پریاسکە -portfolio کەی لە بواری توانای بەرەنگاربوونەوەدا زیاتر دەکات.

زۆرینەی داراییەکان بۆ SO5 لە سندوقی داراییە مرۆییە کۆکراوەکانی عێراق و دوو کۆمەکبەخشی سەرەکییەوە بوون. ئەمە بواری دا بە WFP بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکانی ئاسایشی خۆراکیی و لۆجستیی و پەیوەندییکردنی نێوان گرووپی فریاگوزاریی نائاسایی.

لە کانوونی دووەم بۆ کانوونی یەکەمی 2018، پرۆگرامێکی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی دەرەکیی (لایەنی سێیەم) لەلایەن کۆمەك بەخشێکی سەرەکییەوە ڕاسپێردرا بۆ پرۆگرامەکانی WFP لە عێراق، کە 4 سەردانی مەیدانیی لە هەر مانگیکدا لە خۆدەگرێت. ئەو مەشقی چاودێرییە ئەوەی نیشاندا کە ئەو خەڵکەی یارمەتیی دراون لە هەندێك کاتدا ناچارن خۆراك بفرۆشن بۆ بۆ دابین کردنی پێویستیە سەرەکیەکانی تر، و ڕاسپاردەیەکی بەهێزی دابوو بۆ وەرچەرخان لە یارمەتیی شمەکیی- عەینییەوە بۆ گواستنەوەی پارەی گەڕۆك (MMT) هەر کاتێك شیاو بێت،
WFP عێراق ئەو ڕاسپاردانەی لە ئەستۆگرت بۆ بەرجەستەکردنیان لە چالاکییەکانی داهاتوودا لە 2019. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم جۆرە وەرچەرخانە پێویستیی بە پشتگیرییەکی بەهێز هەیە لە کۆمەك بەخشەکانەوە، بەتایبەت ئەوانەی یارمەتیی شمەکییان بەلاوە پەسەندە لەگەڵ گۆڕینی ڕەوانەکردنە مەرجدارەکانی پارەی نەختینە CMT بۆ ڕەوانەکردنە بێ مەرجەکانی پارەی نەختینە UMT.
بۆ بەهێزکردنی بەشداریی لە کاری پێکەوەییدا، ئۆفیسی WFP عێراق تیمی هاوبەشکاریی و پەیوەندییەکانی زیاد کرد، کە دامەزراوە بۆ دانانی ستراتیژی تازە و درێژ خایەن و هاریکاریی بکات لە پەیوەندییکردن بە و کۆمەك بەخشانەوە کە ئێستا هەن و ئەوانەش کە نوێن بە سەرتاسەری ڕایەڵەی پەیوەندیی مرۆیی-گەشەپێدان-ئاشتیی دا.

# کارکردەیی پرۆگرام

**دەرئەنجامی ستراتیژیی 01**

**ئەو خێزانانەی ئاسایشی خۆراکیان نییە لە ئاوارەکانی ناوخۆ لە ناوچە زیان لێکەوتووەکاندا دەستیان دەگات بەو خۆراکەی ژیانیان دەپارێزێت و بەهای خۆراکیان تێدایە بە درێژایی 2019.**

SO1 دوو پرۆگرامی گرتبووەوە. ڕەوانەکردنە بێ مەرجەکانی دەرامەت (URT) بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ لەرێی گواستنەوەی پەیوەست بە پارەی نەختینە (CBT)وە یان بەشە خۆراکییە عەینییەکانی خێزان (FFR)،و لەرێی برە بەشی خۆراکی ئامادەوە بۆ خواردن لە قۆناغی سەرەتای ئاوارەبووندا؛و یارمەتیی بۆ منداڵانی ئاوارەکانی ناوخۆ لەو ناوچانەی تازە کۆنترۆڵکراونەتەوە وئەو قوتابخانانەی بنیاتنراونەتەوە لە ڕێی پرۆگرامی WFP خۆراك پێدانی قوتابخانەوە.

سەرباری دامرکانەوەی ململانێ لە زۆرێك لە ناوچەکانی وڵاتدا، عێراقییەکان بەردەوام بوون لە دووچاربوون بە ئاوارەیی درێژخایەن بەهۆی نەبوونی ئاسایش و کارکردن و خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەکانی زێدی بنەڕەتییان. WFP یارمەتیی زیاتر لە 596,000 ئاوارەیدا بە دابەشکردنی مانگانەی بەشە خۆراکییەکانی خێزان FFR و گواستنەوەی پەیوەست بە پارەی نەختینەCBT - ئەمەی دووابیان لەرێی گواستنەوەی پارەی گەڕۆك (MMT) و کۆبۆنی ئەلکترۆنییەوە. ژمارەی ئەو خەڵکەی یارمەتییان درا بەرەبەرە کەمبووەوە – بە تێکرای 10,000 کەس لە مانگێکدا- بە هۆی ئەو گەڕانەوەیەوە کە بەردەوامە لەگەڵ یەکخستنی کامپەکان.

خێزانە تازە و دووبارە ئاوارەکان بەشە خۆراکییەکانی وەڵامدانەوەی خێرا (IRR)یان وەرگرت کە بۆ یەك جارە و ئامادەیە بۆ خواردن و بریتییە لە خورما و بسکیت و فاسۆلیا و مریشکی لە قتوونراو و نۆك- بەشی 3 ڕۆژ دەکات لە چاوەڕوانیی دەستگەیشتن بە خۆراکی مانگانە ودابەشکردنی پارەی نەختینە. ئەمە بەشێك بوو لە پێکهاتەی خۆراك لە سایەی میکانیزمی وەڵامدانەوەی خێرا (RRM)ی فرە کەرتەکان بە هاوکاریی لەگەڵ UNICEF و UNFPA کە لەسەر پێکهاتەکانی تر کاریان دەکرد.

FFR پێکهاتبوو لە سەبەتەیەکی خۆراکیی مانگانە: 30 کگم گەنم و15 کگم برنج و 10 کگم نیسك و 4.55 کگم ڕۆنی ڕووەکیی و 5 کگم شەکر و 0.75 کگم خوێ- بەشی دابین کردنی بەرنامەی خۆراکیی خێزانێك دەکات بە 1800 کالۆریی/ڕۆژ بۆ 5 کەس بە تێکرا. CBT یش دابین کرابوو بە هاوتای پارەی نەختینەیی سەبەتە خۆراکەکە، کە بە نرخی ئێستای بازاڕ 20,000 دیناری عێراقیی بوو بۆ هەر کەسێك. ئەم دابەشکارییەی پارە و خۆراك دەگەیشتە 50 لەسەد بۆ هەر یەکێك. خێزانەکان باسی ئەوەیان کردبوو کە گونجاویی پارەی نەختینە سوودێکی گەورەی هەبوو کاتێك کەرەستە بنەڕەتییەکانیان پێویست بوو بێت جگە لە خواردن، و ئەوەی کە کەسێك توانای ئەوەی هەبێت بژاردەکانی کرین لە دەست خۆیدا بێت ڕێزگرتن بووە لە کەرامەتیان.

بەشە خۆراکە کەمکراوەکان (50 لەسەد) لە ئەیلول و تشرینی یەکەم دابەشکران، بەهۆی سنووربەندیی داراییەوە؛ هەوڵەکانی بەدەستهێنانی دارایی بەشە خۆراکیی تەواویان گەڕاندەوە لە تشرینی دووەمەوە. WFP هەروەها ڕووبەڕووی قورسیی و گرانیی بووەوە لە گواستنەوەی نێودەوڵەتیی دارایی بۆ دابینکارەکانی خزمەتگوزارییە داراییەکانی لە عێراق بەهۆی سزاکانەوە ئەوش بووە هۆی دواکەوتنی دابەشکردنی گواستنەوەی پارەی گەڕۆك MMT. ئەمە لە ئێستادا چارەسەرکراوە بەوەی WFP ئەژماری دیناری عێراقیی خۆی کردۆتەوە.

لە تشرینی دووەمدا، بارانی وەرزیی کاریگەریی هەبوو بۆ سەر 32,000 کەس لە نەینەوا و سەڵاحەدین. ژمارەیەك لە کامپەکانی ئاوارەکانی ناوخۆ و ڕێگا و پردەکان کەوتنە بەر کاریگەریی بە هۆی لافاوی توندەوە ئەوەش وایکرد دەسەڵاتەکان باری نائاسایی ڕابگەیەنن، و ترس و نیگەرانیش دەربڕن دەربارەی توانای خۆڕاگریی بەنداوی موسڵ. WFP عێراق زیاتر لە 4,500 پەرپاسکەی بەشە خۆراکی وەڵامدانەوەی خێرای دابەشکرد بەسەر خەڵکی زیان لێکەوتوودا.

سەرباری کەمبوونەوە کاتییەکان لە یارمەتیی WFP دا، ئاستە پەسەندکراوەکانی بەکاربردنی خۆراك بە بەرزیی مانەوە لە نێو خێزانە ئاوارە ناوخۆییە هاوکاریی کراوەکان بەراورد بە 2017. ئەنجامەکانی دابەشکردنی جێندەر-ڕەگەزیی پێوەری بەکاربردنی خۆراك (FCS) [1] بەردەوام بوون لە نیشاندانی جیاوازیی نێوان ئەو خێزانانەی ژنان و پیاوان بەخێوکاریانن. وەك چارەکی پێشووی 2017، بەها بنەڕەتییەکان بۆ بەکاربردنی خۆراك لە خێزاندا بەشێوەیەکی بەرچاو باشتر بوون لەو خێزانانەدا کە پیاوان بەخێوکاریان بوون بەراورد بە ژنان. لە عێراقدا، بەشێوەیەکی باو پیاوان زیاتر ئابوورییانە چالاکن و لەبەر ئەوە زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازی داهاتیان هەبێت. ئەمەش بوار دەدات بە خێزانەکانیان بەشێکی زۆرتری پێویستییە بنەڕەتییەکانیان دابین بکەن [2].

هەروەها جیاوازییەکان لە نێوان خێزانەکان کە بەخێوکارەکانیان پیاوان و ژنانن بەرچاو بوو لە بەکارهێنانی میکانیزمە پەیوەندییدارەکانی خۆ گونجاندنی پەیوەست بە بەکاربردنەوە و ئەو بەشە لە کۆی گشتیی خەرجیی خێزان کە بۆ خۆراك خەرج کراوە (بەشی خەرجیی خۆراك – FES ) کە ڕێژەیەکە لە داهات. ئەمە دەشێت کەوتبێتە بەر کارتێکردنی دەرفەتە سنووردارەکانی پەیداکردنی داهات بۆ ژنان. لەگەڵ ئەوەشدا، کەمبوونەوەیەکی گشتیی لە (بەشی خەرجیی خۆراك- FES ) بەدیکرابوو، ئەمەش دەکرێت ئەنجامی هاوبەشیی کردنیWFP بوو بێت بۆ دابین کردنی پێویستییە خۆراکییە بنچینەییەکانی خێزانەکان. هیچ گۆڕانێکی بەرچاو بەدیی نەکرا لە ئەنجامەکانی ئاسایشی خۆراکیی بەراورد بە باها بنەڕەتییەکان، ئەمەش دەشێت بگەڕێنرێتەوە بۆ یارمەتیی خۆراکیی بەردەوامی WFP کە ڕێگریی کرد لە خراپتر بوونی ئاستەکانی ئاسایشی خۆراکیی.

هاوکات، خاوەن فرۆشگەکان باسی زیادبوونی کارەکانیان و فرە چەشنی بەرهەمەکان و کەمبوونەوەی کرینی خۆراکیان بە قەرز کردووە، ئەمەش هەر بە هۆی دابین کردنی CBTیەوە بووە.

لە ڕێی پرۆگرامی فریاگوزاریی نائاسایی خۆراك پێدانی قوتابخانەوە، کە بە هاوبەشیی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە (MoE) جێبەجێکرا لە نازارەوە بۆ ئایاری 2018، WFP ژەمە خۆراکییەکانی قوتابخانەی دابین کرد بۆ 88,881 منداڵ کە گەڕابوونەوە بۆ 145 قوتابخانەی سەرەتایی و 4 باخچەی ساوایان لە خۆرئاوای موسڵ لە پارێزگای نەینەوا کە لە 2014 وە چالاکییەکانی خۆراك پێدانی قوتابخانەی تێدا هەڵپەسێردرابوو.

WFP ژەمە خۆراکییە تەندروستەکانی نان و پەنیر و شیر و میوەی وەرزیی تازەی دابەشکرد بۆ منداڵان لە قۆناغەکانی 1 تا 6 بۆ 4 یان 5 ڕۆژ لە هەفتەیەکدا. خۆراکەکە لە دابینکار و فڕن یان نانەواخانەکانی ناوخۆوە کڕدرابوون و لە ناوخۆشدا پێچرابوونەوە- ئەمەش یارمەتییەك بوو بۆ بوژاندنەوەی ئەو ئابوورییەی بە هۆی ململانێوە وێرانبووە و نزیکەی 400 هەلی کاریشی ڕەخساندبوو لە پرۆژە بچووکەکان و ناوەندەکانی پێچانەوە و لە پاکەتنان. تا دەگاتە 40 لەسەدی ئەوانەی خرابوونە سەر کار ژنان بوون.

بە هەمان شێوە، ڕێکخراوی ناحکومیی هاوبەشی WFP کەرەستەی بروپێدانی پەروەردەیی و پاکژیی دابین کردبوو بۆ ئەو قوتابخانانەی بە ئامانج دانرابوون،و دەیان بینای قوتابخانەکانیان بنیاتنایەوە کە بە هۆی ململانێوە زیانیان لێکەوتبوو.

پرۆگرامی خۆراك پێدانی قوتابخانەی WFP هاوبەشیی کرد لە ڕێژەکانی هێشتنەوەدا بە 94 لە سەد، هاوکات لەگەڵ باشکردنی وەرگرتنی خۆراکی منداڵانی قوتابخانە - هەم کوڕان و هەم کچان. بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و یاریدەدەرەکانیان کۆك بوون لەسەر ئەوەی خۆراك پێدان لە قوتابخانەکان بە باشیی کاریگەریی هەبووە لەسەر ماوەکانی وریایی قوتابیان، و ئەوەش کە قوتابیان زیاتر بە ئاگا بوون لە کاتی گفتوگۆکانی ناو پۆل. بەشێوەیەکی گشتیی، ئامادەبوون زیادیکرد بە ڕێژەی 3.8 لەسەد بە بەراورد بە ڕێژەی بنەڕەتیی (6.3 لە سەد بۆ کوڕان و 1 لە سەد بۆ کچان)، کە دەکرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ وەرگرتنی ژەمە خۆراکیەکانی قوتابخانە لەلایەن قوتابیانەوە.

لە 2019، WFP نیازی هەیە برەو بدات بە دەستپێشخەرییەك بۆ بە ئامانج وەرگرتنی 1,000 قوتابخانە لە 15 پارێزگادا بە هاوکاریی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، بە چڕکردنەوەی بایەخدان بەو ناوچانەی هەژاریی لێیداون و بەر کاریگەریی ململانێکە کەوتوون.

چەند میکانیزمێکی جیاواز بۆ وەرگرتنی سەرنج و پێشنیاز یاخود فیدباکی سوودمەندان جێبەجێکران بۆ پرۆگرامی خۆراك پێدانی قوتابخانە، لە نێویاندا ژمارەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێو- ئاژانسی UNOPS و سندوقی پێشنیازەکان و گفتوگۆی گروپی کەسانی سەرەکیی –فۆکەس گروپ(FGD)و پەیوەندیی ڕووبەڕوو. پرۆسەیەکی ڕەسمیی بۆ شیکردنەوەی داتای فیدباکەکان دانەمەزرا لە میانەی قۆناغی ئەزموونییدا لە 2018، بەڵام،بە بەهێزکردنی پلان بۆ دانراوی ڕەسمیی لە 2019، فیدباکە وەرگیراوەکان بە بەڵگە دەکرێن و شیدەکرێنەوە و دەخرێنە ڕاپۆرتی ساڵانەی وڵات (ACR) 2019.

## دەرئەنجامی ستراتیژیی 02

**پەنابەرانی سوریی کە ئاسایشی خۆراکییان نییە دەستیان دەگات بەو خۆراکەی ژیانیان دەپارێزێت و بەهای خۆراکییان تێدایە بە درێژایی ساڵ.**

SO2 دوو پرۆگرامی لەخۆگرتبوو کە بایەخیان بە پەنابەرانی سوریی دەدا. ڕەوانەکردنە بێ مەرجەکانی دەرامەت (URT) لە ڕێی خۆراك و پارەوە دابین کرا بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییە بنەڕەتییەکانی خۆراك و بەهای خۆراکیی. یارمەتیی نەختینەیی بەشێوەیەکی سەرەکیی گەیەندرایە جێ بەهۆی کۆبۆنی ئەلکترۆنییەوە، بە بەهای 22,000 دیناری عێراقیی. زۆرینەی زۆری کۆبۆنی ئەلکترۆنییان بەدەستگەیشت لە ڕێی SCOPE ەوە، کە بریتییە لە پلاتفۆرمی سوودمەندان و بەڕێوەبردنی گواستنەوە- حەواڵەئەوەی مابووەوە گواستنەوە بێ مەرجەکانی پارەی نەختینەیان بەدەستگەیشت، بۆ سەرجەمی نزیکەی 59,000 پەنابەری سوریی کە دەستی یارمەتیان پێگەیشت.

لەگەڵ یارمتی خۆراکیی و نەختینەیی بێ مەرج،WFP پرۆگرامی تەکنەلۆژیای داهێنەرانە لە پێناو توانای بەرەنگاریی خۆراکیی جێبەجێکرد، کە پەنابەرانی گەنج و عێراقییە بەهرەمەندەکانی سوودمەنکرد لە کارامەییە گەڕۆکەکانی داهات پەیداکردن کە دەشێت بە ئاسانی بەبازاڕ بکرێن لە ئابوریی ژمارەیی جیهاندا.

لە حوزەیرانی 2018 دا، WFP و UNHCR هەڵسەنگاندنێکی هاوبەشی لاوازیی (JVA) گشتگیریان لە هەرێمی کوردستانی عێراق (KR-I) بڵاوکردەوە، بە هاوکاریی فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان. مەبەست لە هەڵسەنگاندنەکە : (i) دابین کردنی وێنەیەکی نوێکراوە و گشتگیر بوو بۆ لاوازیی فرە کەرتیی، بەوەی کاری لەپێشینە نەبوونی ئاسایشی خۆراکە لە نێو پەنابەرانی سوریی لە هەرێمی کوردستاندا.

(ii) پەرەپێدانی ئامرازەکان بۆ نەخشەسازیی دابەشبوونی خێزانە لاوازەکان کە پۆلێنکراون بەسەر ناوچەکانی کامپ و دەرەوەی کامپدا؛(iii) ئاگادارکردنی بڕیاربەدەستان بۆ دەخاڵەتکارییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی ئاژانسە مرۆییەکان و وەڵامدانەوەی گونجاوی یارمەتییدان و بەئامانج گرتنی پێوەرەکان بۆ پشتیوانیی لە چوارچێوەی کارەکانی WFP و UNHCR بەدوای یەکدا؛ و (iv) هەڵسەنگاندن و دانانی هێڵە گشتییەکانی ڕێبازەکانی ئەو بەئامانج گرتنە.

ئەو هەڵسەنگاندنە هاوبەشەی لاوازیی لێکۆڵینەوەی کردبوو لە دۆخی ئاسایشی خۆراکیی پەنابەرانی سوریی، هەم لەناوەوە هەم لەدەرەوەی کامپەکان،و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە 13 لە سەدی پەنابەران لە ناو کامپەکان و 4.7 لەسەد لە دەرەوەی کامپەکان ئاسایشی خۆراکییان نییە [1] . خوێندنەوەکە ئەو دەرەنجامەی دابوو کە زیاتر لە نیوەی خێزانەکانی پەنابەرە سورییەکان لە هەموو پارێزگاکان تووشی نەبوونی خۆراك -یان پارە بوون بۆ کڕینی بڕی پێویست لە خۆراك- بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی خێزانەکانیان. یەك لەسەر چوار (چارەکێك)ی خێزانەکانی پەنابەرە سورییەکان لە هەولێر و سلێمانی ستراتیژەکانی خۆگونجاندنی بەکاربردنیان بەکارهێناوە بەدەر لەوەی پەیوەندیی هەبووبێت بە دۆخی ئاسایشی خۆراکییانەوە. یەك لەسەر سێی خێزانەکانی پەنابەرە سورییەکان لە هەولێر و دهۆك هیچ سەرچاوەیەی داهاتیان نەبووە. لە نێو ئەوانەدا کە لانی کەم یەك سەرچاوەی بژێوییان هەبووە، کاری لابەلای ڕۆژانەی دوور لە کشتوکاڵ هەرە باوترین چالاکیی پەیداکردنی بژێویی بووە کە باسکراوە لە هەموو پارێزگاکاندا. دوابەدوای بڵاوکردنەوەی هەڵسەنگاندنی هاوبەشی لاوازیی ، WFP مەشقێکی شەش مانگیی بەئامانج گرتن و پشتڕاستکردنەوەی دەستپێکرد، کە دەبێت لە سەرەتای 2019 دا تەواو بێت، بە ئامانجی دەستنیشانکردن و بە ئامانج گرتنی هەرە لاوازترین خێزانەکان بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە وەرگرتنی یارمەتیی خۆراکیی.

ئەو ئامرازی چاودێرییەی بەکارهێنرابوو ئەو نیشاندەرانەی لەخۆگرتبوو کە پەیوەندییدارن بە لاوازیی ئاسایشی خۆراکیی و پاراستنی، و لەلایەن UNHCR و WFP ەوە ئامادەکرابوو پاش هەڵسەنگاندنی هاوبەشی لاوازیی. داتاکانی تۆمارکردنی UNHCR کە ئێستاهەن بەکارهێنران بۆ دابین کردنی پێشبینییەکی بەرایی بۆ ئەوەی کام لە خێزانەکان ئاسایشی خۆراکییان نییە.لە سەر بنەمای ئەنجامەکانی نموونەی هەڵسەنگاندنی هاوبەشی لاوازیی ، مەشقێکی قۆناغ بە قۆناغ کراوی بەئامانج گرتن بواریدا بە وریایی چاودێرییکردنی خێزانە لاوازەکان لە کامپەکان، بۆ ئەوەی دۆخی ئاسایشی خۆراکیی و پاراستنیان پشتڕاستبکرێتەوە. ئەنجامە سەرەتاییەکان پێشبینییان کردووە کە نزیکەی 35,000 پەنابەر هێشتا دەکرێت پێویستییان بە یارمەتیی هەبێت بۆ دابین کردنی پێویستییە خۆراکییەکان و بەها خۆراکییەکانیان لە 2019.

مەشقی چاودێریی دەرئەنجامی ئاسایشی خۆراکیی (FSOM) بۆ یارمەتییە خۆراکیی و نەختینەییە بێ مەرجەکان بۆ پەنابەران ئەوەی ئاشکرا کرد کە بەکاربردنی خۆراك بە شێوەیەکی فراون لە ئاستە پەسەندکراوەکاندا ماوەتەوە. لە چارەکی سێیەمی 2018، باش بوونێك هەبوو بە 13.6 لەسەد بەراورد بە هەمان چارەکی ساڵی پێشتر،و بە 5 لەسەد بەراورد بە چارەکی دووەمی 2018، لەگەڵ 96 لەسەدی خێزانەکان کە باسیان لە ئاستێکی پەسەندکراوی بەکاربردنی خۆراکیان کردووە [2]. هیچ جیاوازییەك بەدیینەکرا لە نێوان بەکاربردنی خۆراکی ئەو خێزانانەی پیاوان و ژنان بەخێوکاریانن[3] .

ستراتیژەکانی خۆگونجاندنی خۆراکیی جێگیربوون بۆ ئەو خێزانانەی هاوکارییان کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان زیادیان کرد بە 6.2 لەسەد لە چارەکی سێیەم کاتێك بەراورد کران بە هەمان ماوە لە 2017. نا-سوودمەندەکان زۆر جار باسیان لە بەکارهێنانی ستراتیژەکانی خۆگونجاندنی بەکاربردنیان

کردووە بە بەراورد لەگەڵ خێزانە سوودمەندەکان. لەمەوە دەکرێت یارمەتییەکەی WFP بەشداریی کردبێت لە بەرەو کەمکرنەوەی پەنا بردنی خێزانەکان بۆ ستراتیژەکانی خۆگونجاندن. هەرە باوترین ستراتیژەکانی خۆگونجاندن بریتیی بوون لە " کڕینی خۆراك بە قەرز"، یان" قەرزکردنی پارە بۆ
کردووە بە بەراورد لەگەڵ خێزانە سوودمەندەکان. لەمەوە دەکرێت یارمەتییەکەی WFP بەشداریی کردبێت لە بەرەو کەمکرنەوەی پەنا بردنی خێزانەکان بۆ ستراتیژەکانی خۆگونجاندن. هەرە باوترین ستراتیژەکانی خۆگونجاندن بریتیی بوون لە " کڕینی خۆراك بە قەرز"، یان" قەرزکردنی پارە بۆ
کڕینی خۆراك" بە هۆی پێویستییەکی ڕوو لە زیادبوون بۆ کەرەستە ناخۆراکییەکان و خزمەتگوزارییەکانی تر، بە تایبەتیی تەندروستیی و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان (ئاو و کارەبا و گاز). خۆراك بەگەورەترین خەرجیی ماوەتەوە و گەورەترین بایەخی خێزانەکانیشە، بەدوایدا گواستنەوە و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و تەندروستیی و پاکژیی و پەیوەندییەکان و کات بەسەربردن دێت.

پرۆژەی تەکنەلۆژیا بۆ خۆراك لەلایەن WFP عێراق و تاودەری داهێنانیWFP ەوە ئامادەکراوە کە لە میونخە. لەڕێی ڕاهێنان لە تەکنەلۆژیای زانیاریی (ئای تی) و پێکهاتەیەك لە کارامەییە ژمارەییەکان و زمانی ئینگلیزیی بنەڕەتیی و ڕێنماییکردنیانەوە، ئەو گەنجانەی لە دۆخی لاوازییدان لە کامپەکانی پەنابەرانی سوریی و ئاوارە ناوخۆ عێراقییەکان و کۆمەڵگە زیان لێکەوتووەکان توانادار کران بە مەعریفە و کارامەییەکان بۆ باشترکردنی بژێوییەکانیان و چوونە ناو بازاڕی ژمارەیی.

بە هاتنی کۆتایی 2018،1,674 کەسی بەشدار سەرکەوتووانە دەرچوون لە ڕاهێنانەکە. لەو سۆنگەیەوە کە پرۆژەکە لەسەر بنەمای ڕێبازێکی تازە و پێشکەوتوو بوو، 17 لەسەدی ڕاهێنراوەکان هەلی کاریان دەستکەوت پاش ڕاهێنانەکە،44.4 لەسەدیان ژن بوون؛2.4 لەسەدی ڕاهێنراوەکان مەشقی ناوخۆییان دەستکەوت. هەموو بەشداربووان باسی ئەوەیان کردبوو کە کارامەیی"نەرم"ی پڕ بەهایان وەرگرتووە-وەکو متمانە-لە ڕێی پرۆگرامەکەوە.

لە ماوەی ڕاهینانەکەدا، بەشداربووان گواستنەوەی پارەی مانگانەیان پێ دراوە لە ڕێی SCOPE ەوە، بۆ بەشداریکردن بەرەو وەڵامدانەوەی پێداویسییە خۆراکییە بەپەلەکانی خێزانەکانیان. پاش تەواو کردنی پرۆگرامەکە، قوتابیان توانایان هەبوو ئەرکی پڕ کێبڕکێی نێودەوڵەتیی ئەنجام بدەن وەکو داخڵ کردنی داتا،و تێبینی دانی سەر وێنە و مۆنتاژی وێنەیی و کردنەوەی دەرفەتەکانی خستنە سەر کاریان. کۆمەڵێك لە دەرچووان 4 پرۆژەیان دارشت وپێشبڕکێیەکیان بردەوە کە لەلایەن یەکێتیی ئەوروپا -EU وە ئەنجامدرابوو. ئەو پرۆژانەی براوەبوون لە ئێستادا بەتەواوەتی داراییان دەدرێت لەلایەن EU ەوە.

دەستپێشخەریی تەکنەلۆژیا بۆ خۆراك بەسەرکەوتوویی خەڵاتی پێشبڕکێی "ئەفرێنەربە لە پێناو پەنابەراندا"ی 2017ی کۆڕبەندی پەیمانگەی ماساچوسێتس بۆ تەکنەلۆژیا- MIT بۆ کارسازیی لە جیهانی عەرەبدا بردەوە وەك ڕێگەچارەیەکی خاوەن بنەمای تەکنەلۆژیی پێشکەوتوو کە چارەسەری هەرە هەستیارترین بەرەنگارییەکانی بەردەم پەنابەران دەکات. لەڕێی ئەم پڕۆژەیەوە، WFP پەرەیدا بە کاری هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەکادیمیی و کەرتی تایبەت، لەوانە زانکۆکانی سلێمانی و موسڵ و گوگڵ (کە 300 کۆمپیوتەریان بەخشیی). بە هاوکاریی لەگەڵ گروپی پەیوەندییەکان و فریاگوزاریی نائاسایی (ETC)،تەکنەلۆژیا بۆ خۆراك ڕێککەوتنێکی ئەنجامدا لەگەڵ زانکۆی موسڵ بۆ نۆژەنکردنەوەی تاقیگەی کۆمپیوتەر و دابین کردنی 100 کۆمپیوتەری جێگیر-دیسك تۆپ لە جۆری بەرز وئامێرەکانی پشتیوانیی دابینکاریی بێ بڕانی کارەبا (UPS). لە بەرانبەردا، زانکۆکە WFP و هاوبەشەکانی بانگهێشتکرد بۆ بەکارهێنانی ڕووبەرە نۆژەنکراوەکان بۆ چالاکییەکانی تەکنەلۆژیا بۆ خۆراك.

WFP بەردەوام دەبێت بۆ داکۆکییکردن بۆ بەدیهێنانی ژینگەیەك کە بروەبدات بە پشت بە خۆبەستنیکی زیاتری پەنابەران و سەرچاوە بەردەوامەکانی پەیداکردنی بژێویی.

## دەرئەنجامی ستراتیژیی 03

**گەڕاوە لاوازەکان و کۆمەڵگە زیانلێکەوتووە سەرچاوە بنەڕەتییەکانیان بنیاتدەنێنەوە و سەرچاوەکانی بژێوییان دەبوژێننەوە و ئاسایشی خۆراکییان باشتر دەکەن لە سەرتاسەری وڵاتدا بە هاتنی کۆتایی 2019.**

هەتا ئەو کاتەی ئاسایش و دەرفەتەکانی پەیداکردنی بژێویی و دابین کردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان وەك ئاو و کارەبا بەرەوپێشدەچن، خێزانە ئاوارەکان بەردەوام دەبن لەوەی ڕووبەڕووی ئاوارەبوونی درێژخایەن و دووبارە بووەوە ببنەوە. پێکهاتەیەك لە هۆکارە سیاسیی و ئەمنییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر هەر یەکێك لە گروپە نەژادییەکان.

یەکانگیر لەگەڵ هەوڵەکانی ئێستا بۆ شکاندنی بازنەی نەبوونی ئاسایشی خۆراکیی وبەها خۆراکییەکان ، WFP یارمەتییەکانی پاراستنی ژیانی دابین دەکرد بە شێوەیەکی گشتگیر لە 2018 دا، لە هەوڵێکدا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی مرۆیی-گەشەپێدان.

لە سایەی SO3 دا، WFP دەخاڵەتکردنەکانی بنایتنانی توانای بەرەنگاربوونەوەی زیاتر کرد لەڕێی پلانەکانی یارمەتیی خۆراکیی بۆ سەرچاوە بەنرخەکان (FFA)ەوە بۆ سەقامگیرکردنی بەکاربردنی خێزان لە کاتەکانی پێویستیدا،و بنیاتنانەوەی ئەو سەرچاوە بەنرخە بەرهەمهێنەرانەی بۆ بەها خۆراکییەکان پێویستن لەسەر ئاستی کۆمەڵگە. ئەو جۆرە لە کارکردنی توانای بەرەنگاربوونەوە ئامانجی ئەوەیە بەرهەمهێنانی کستوکاڵی هانبدرێت لەگەڵ دابین کردنی سەرچاوە بەردەوامەکانی بژێویی بۆ خێزانەکان لە ناوچەکانی زێدی بنەڕەتیی و گەڕانەوەیان.

زێدەباری هەماهەنگیی لەگەڵ لایەنەکانی تر لە ڕێی میکانیزم و چوارچێوە نیشتیمانییەکان و ئەوانەی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە، پرۆگرامی توانای بەرەنگاربوونەوە بە دیارییکراویی یەکانگیر بوو لەگەڵ کەرتی " بوژاندنەوەی سیستمەکانی کشتوکاڵ و ئاو"ی پرۆگرامی بوژاندنەوە و توانای بەرەنگاربوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان .

دوابەدوای داواکارییەك بۆ یارمەتیی لە 2017 دا لە لایەن بەڕێوبەرایەتیی سەرچاوەکانی ئاوەوە لە پارێزگای ئەنبار بۆ بنیاتنانەوەی جۆگە – کەناڵە ئاویی و سیستمە زیان لێکەوتووەکانی ئاودێریی، و بەو هۆیەشەوە بوژاندنەوەی بەشێکی گەورەی زەوییە کشتوکاڵییەکان، WFP لایەنە سەرەکییەکانی بەشدارکرد بۆ دەستنیشانکردنی دەرفەتگەلەکانی تر بۆ دەخاڵەتکردنەکانی توانای بەرەنگاربوونەوە و بژێوییەکان. بە کارکردن لەگەڵ حکومەت و ئاژانسەکانی UNو ڕێکخراوە ناحکومییەکان و گروپی ئاسایشی خۆراکیی و گروپی بژێوییەکانی باری نائاسایی،WFP گشتگیرانە دەرفەتەکانی خستەڕوو بۆ جێبەجێکردنی فەراهەمکردنی سەرچاوە بەنرخەکان وچالاکییەکانی بنیاتنانەوە لە ڕێی بەکارهێنانی گواستنەوە نەختینەییەکان بۆ بەشدارەکانیان و بەرچاوکردنی پێویستیی بۆ ڕاهێنان و توانایەکی زیاتری بەرەنگاربوونەوە.

بەهەماهەنگیی نزیك لەگەڵ وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان و وەزارەتی کشتوکاڵ،WFP کاریکرد لەگەڵ

(9) هاوبەشی هاوکار (CP) لە 70 گوند و 18 قەزا لە 2018. زیاتر لە 33,000 کەس لە خێزانە گەڕاوە لاوازەکان سوودمەند بوون لە پڕۆژەکانی یارمەتیی خۆراکیی بۆ سەرچاوە بەنرخەکان (FFA). زیاتر لە 5,500 بەشداربوو لەچالاکییە جۆربەجۆرەکاندا بەشدارییان کرد. ئەو چالاکییانە ئەمانەیەن لەخۆگرتبوو:چاککردنەوە وپاککردنەوەی 629 کم جۆگەی ئاودێریی کۆنکریتیی و لە خۆڵ دروستکراو ،و 12 وێستگەی ناردنی ئاو (11 وێستگە لە ئەنبار و 1 وێستگە لە نەینەوا) و چاککردنەوە و درێژکردنەوەی 60 سیستمی ئاودێریی؛ چاککردنەوەی 125 دۆنم لە باخەکانی زەیتون (17,000 داری زەیتون) ،و 266 خانووی پلاستیکیی و دروستکردنی 151 خانووی پلاستیکیی تازە،و چاککردنەوە و بیناکردنی 103 گەوڕی مەڕومالات،و دامەزراندنی 90 باخچەی خواردنگە. لەپاڵ ئەوەدا، 1,137 بەشدار ڕاهێنران لەسەر کردارە کشتوکاڵیی و خۆراکدانەکان.

لەماوەی پڕۆژەکەدا، فەراهەمکردنی داهاتی ئامادە و بەردەست لەڕێی گواستنەوەی مەرجداری پارەی نەختینە ڕۆڵی هەبوو لە سەقامگیرکردنی کاتیی خێزانەکان و زیادکردنی توانای بوژاندنەوەی خێرایان و برەودان بە گەڕانەوەی کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکان و ئابورییە ناوخۆییەکان بۆ باری ئاسایی خۆیان، هاوکات لەگەڵ باشبوونەوەی چەند بەشێك لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و ئاو و باخ و بێستانەکان. کۆمەڵگە ناوخۆییەکان- کە نوێنەرایەتیی کراون بە پەیکەربەندییەکانی سەرکردایەتیی جڤاتیی کە ئێستا لە ئارادان- هاودەستییان کرد لە دانانی کارە لەپێشینەکان و یارمەتییدەر بوون لە بیناکردن وبەکارهێنان وهێشتنەوە وهەندێك جاریش خاوانداریێتیی کردنی سەرچاوە بنەڕەتییە بەنرخەکان کە دروستکرابوون. 1.86 ملیۆن دۆلاری ئەمریکیی خرایە نێو ئابورییە ناوخۆییەکانەوە لەڕێی پڕۆژەکانی یارمەتیی خۆراکیی بۆ سەرچاوە بەنرخەکان FFA ەوە. لەگەڵ تەواوکردنیاندا، ئەم دەستپێشخەرییانە زیادەیەکیان خستە سەر گەشەی ئابوریی گشتیی لە سەرتاسەری جڤاتەکانی ناوچەکەدا، گەڕاوەکان و ئاوارەکانیش وەکو یەك. لە سەرجەمدا، چالاکییەکانی توانای بەرەنگاربوونەوە هاوبەشییان کرد لە سەقامگیرکردنی وڵات وپشتیوانیی کردنی گەڕانەوەیەکی شکۆمەند وئارەزوومەندانە و ژیاندنەوەی سەرچاوە لە ناوبراوەکانی بژێوییەکان.

زۆرینەی سوودمەندەکانی یارمەتیی خۆراکیی بۆ سەرچاوە بەنرخەکان FFA لە جڤاتە بە ئامانج گیراوەکاندا باسیان لە بەرهەمهێنانێکی زۆرتر وهەمەچەشنتر کردووە بەهۆی سەرچاوە بنەڕەتییە بە نرخە پتەوکراوەکانی بژێوییەوە. هاوکارییەکەی WFP لە ژیاندنەوە و پتەوکردنی سەرچاوە بنەڕەتییە بەنرخەکاندا دەکرێت یەکێك بێت لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ زانینی ئەوەی بۆچی ڕووبەرەکانی زەوییە چێندراو و کێڵدراوەکان زیادبوون بە 62 لەسەد لە نێو سوودمەندەکانی یارمەتیی خۆراکیی بۆ سەرچاوە بەنرخەکان FFA دا، بەراورد بە 45 لەسەدی جووتیارە ناسوودمەندەکان لە هەمان وەرزی ساڵی پێشتردا. ڕێژەی خێزانەکان بە ئاستێکی پەسەندکراوی بەکاربردنی خۆراکەوە زیادیکرد بۆ 100 لە سەد، زیادبوونێك بە 12 لەسەد لە سەروو بەها بنەڕەتییەکەوە baseline . بڕە بەشی خەرجیی خۆراکیی بۆ سوودمەندەکان 41 لەسەد بوو، کەمبوونەوەیەك بە ڕێژەی 7 لەسەد بەراورد بە بەهای بنەڕەتیی پێش هاوکارییەکان (PAB) ، ئەمەش ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە سوودمەندەکان زیاتر ئاسایش بوون لە ڕووی خۆراکییەوە و دەستیانکردووە بە بەکارهێنانی بەشێکی گەورەتری خەرجییەکانی خێزانیان بۆ کاڵا و خزماتگوزارییەکانی تر جگە لە خۆراك.

لەنێو ئەو سوودماندانەدا کە بەرهەمەکانیان چنیوەتەوە ، 72 لەسەد باسیان لەو سوودانە کردووە کە لە بنەمایەکی پتەوکراوی سەرچاوە بەنرخەکانی بژێوییەوە لێی بەهرەمەندبوون، کە بڕی بەرهەمهێنانیانی زیاد کردووە بە زیاد لە 21 لەسەد بەراورد بە هەمان وەرز لە ساڵی پێشتردا.

زیاد لەوەش، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بەشداربووان بە کەمیی میکانیزمە نەرێنییەکانی خۆگونجاندن بەکاربهێنن وەك ڕێگەیەك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کورتهێنانی خۆراك.

دەستپێگەیشتن و ئاسایش بە سەرەکیی ترین بەرەنگارییەکان دەمێننەوە کە کاریگەرییان هەیە لەسەر دەخاڵەتکارییەکانی توانای بەرەنگاربوونەوە. بەرەو کۆتایی 2018، عێراق سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی هێرشەکانی بەخۆوە بینی لەلایەن چەکدارە پەرتەوازەکانی داعش کە چوونەتە ڕیزی چەکدارە ناوخۆییەکان پاش ئەوەی ئەو گروپانە زیاتر بە ناوچەیی بوون بۆ دەستوەشاندن لە سەرکردە باڵا ناوخۆییەکان و موختارەکانی گوندەکان و هێرشکردنە سەر ژێرخانی کارەبا و ئاو لەنێویاندا ئەو ناوچانەی کە تیایدا WFP پڕۆژەکانی بوژاندنەوە و توانای بەرەنگاربوونەی ئەنجام دەدا.

لە تشرینی دووەمدا، هەڵمەتە سەربازییەکانی هێزەکانی ئاسایشی عێراق(ISF) کە بەدووی ئۆرگانەکانی داعشەوە بوون و چالاکبوونەوەی گروپە چەکدارەکان، WFPی ناچارکرد چالاکییەکانی لە خۆرئاوای ئەنبار ڕابگرێت. ئەو جۆرە خراپبوونە لە بارودۆخی ئاسایشدا دەکرێت بەردەوام کاریگەریی نەرێنیی هەبێت لەسەر چالاکییە مەیدانییەکان لە قۆڵایی ناوچەکان لە داهاتوودا.

لە ئاداری 2018ەوە، WFP شارەزایی هونەریی فەراهەمدەکات بۆ یارمەتییدانی وەزارەتی بازرگانیی (MoT) بۆ نوێکردنەوەی سیستمی دابەشکردنی گشتیی (PDS)، بە ئامانجی دابین کردنی خزمەتگوزاریی باشتر و لێهاتووانە تر بۆ هاووڵاتیان و ریزبەندکردنی لە پێشینەی ئەوانەی زۆر لە پێویستیدان و زامنکردنی پشتڕاستکردنەوەی داتاکان ، لەگەڵ هێنانی دەستکەوتی بەرچاوی بەرهەمداریی و بەڕێوەبردنێکی باشتری چالاکییەکانی PDS.

ئامادەکاریی بۆ مەشقی دەستنیشانکردنی شایستەیی و- سەلماندنی بیرۆکە- لە ئەیلولی 2018 دەستپێکرد و چاوەڕواندەکرا لە نیسانی 2019 بگاتە کۆتایی. قۆناغی سەلماندنی بیرۆکە ئامانجی ئەوەیە سوودەکانی بەکارهێنانی تەکنولۆژیا تازەکان بخاتەڕوو بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی PDS ،و چارەسەرە ژمارەییەکان تاقیبکاتەوە کە بەردەستن بۆ مۆدێرنیزەکردنی سیستمەکە، بە خستنەگەڕی دەستپێشخەرییەکە لە کانوونی دووەمی 2019.

## دەرئەنجامی ستراتیژیی 04

**گروپە لاوازەکان، لەوانە منداڵان و نەوجەوانان و ژنانی دووگیان و شیردەر لەگەڵ کچاندا ، هۆشیارییەکی باشتریان دەبێت دەربارەی بەها خۆراکییەکان لەڕێی خۆراکدانی کۆرپەی ساوا و منداڵی بچوکەوە IYCF و توانای حکومەت بەهێزتر دەکرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاڵا خۆراکییە بەهادارکراوەکان لەڕێی پرۆگرامی تۆڕی دڵنیایی نیشتمانیی لە کۆتایی 2019.**

دەشێت عێراق پۆلێن کرابێت بە وڵاتێکی سەروو داهات-ناوەندەوە، بەڵام 22.5 لەسەدی دانیشتوان بەردەوامن لەوەی لە خوار هێڵی هەژاریی نیشتمانییەوە بژین. کەمیی تەنە خۆراکییە بچوکەکان-Micronutrient نیگەرانییەکی بەردەوامە بۆ پسپۆڕانی تەندروستیی و بەها خۆراکییەکان. بەهۆی کاریگەرییەکانی قەیرانی مۆسڵەوە، WFP لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی (MoH) و سندوقی منداڵانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNICEF) کاریکرد بۆ دابین کردنی چارەسەری کتوپڕ لەڕێی کلینیکەکانی ڕێکخراوێکی ناحکومیی تایبەتمەند و وەزارەتی تەندروستییەوە.

لەکاتێکدا پلانی بنەڕەتیی WFP ئەوەبوو بەردەوام بێت لەسەر دابین کردنی یارمەتیی بەها خۆراکییەکان لە 2018 ، بە هاتنی نیوەی ساڵ، WFP پێداچوونەوەی کرد بە پرۆگرامی یارمەتییەکەیدا و بڕیاریدا ڕێبازی گشتگیر cross-cutting پەسەند بکات بۆ خۆراکدان، کە بەدرێژایی پرۆگرامەکە لە عێراقدا لەخۆدەگیرێت- لە بری ئەوەی خۆراکدان وەك چالاکییەکی بە تەنها بهێڵرێتەوە.ئەم گۆڕانکارییەش پێویستی بە کەمکردنەوەیەك لە بودجەدا هەبوو، لەڕێی پێداچوونەوەیەکی دووەم بۆ بودجە بۆ پلانی ستراتیژیی کاتیی وڵات لە قۆناغی ڕاگوزەردا TICSP .

وەك بەشێك لە ڕێبازی گشتگیر، لە سایەی دەرئەنجامی ستراتیژیی SO1 دا WFP بەردەوام بوو بۆ یارمەتییدانی چالاکییەکانی خۆراکدانی سێ هاوبەشی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەڕێی دابین کردنی خۆراکە تەواوکارەکانەوە (PlumpySup) بەمەبەستی خۆپاراستن لە بەدخۆراکیی توندی مامناوەند (MAM). لە 2018، ئەم هاوبەشییکردنە ڕۆڵی هەبوو لە یارمەتییدانی 9,300 منداڵی تەمەن 6-59 مانگ و ژنانی دووگیان و شیردەر(PLW) لە کامپەکان لە نەینەوا و دهۆك و کەرکوك. زیاد لەوەش WFP، 38 ملیۆن تەن لە خۆراکە تەواوکارەکانی بەخشی بۆ پڕکرنەوەی کەلێنەکان لە جێبەجێکردنی چالاکییەکانی خۆراکدان لەلایەن کۆمیتەی نێودەوڵەتیی خاچی سور ICRC و بەڕێوبەرایەتیی تەندروستیی (DoH) لە پارێزگای نەینەوا.

هەروەها وەك بەشێك لە ڕێبازی گشتگیر بۆ خۆراکدان لە چالاکییەکانی توانای بەرەنگاربوونەوە لە سایەی دەرئەنجامی ستراتیژیی SO3 دا، دوو خولی ڕاهێنان ئەنجامدرا بۆ زامنکردنی پرۆگرامدانانی خۆراکیی لە هەموو ئاستەکانی جێبەجێکردندا. شیکاریی گشتگیری ئاسایشی خۆراك و لاوازیی (CFSVA)2016ی WFP ئەو ئەنجامەی دەرخست کە لەناو منداڵانی خوار پێنج ساڵ، 19.2 لەسەدی ئاوارەکانی ناوخۆ بەدەست بەدخۆراکیی درێژ خایەنەوە ناڵاندوویانە [1].لە تشرینی دووەمدا، 120 ژن لە 8 گوند ئامادەبوون لە ڕاهێنانی خۆراکدانەدا کە لە ڕێی گروپەکانی پشتیوانیی دایك- بۆ- دایکەوە ئەنجامدرابوون، کە لەلایەن هاوبەشی هاوکاری WFP یەوە Samaritan’s Purse ڕێبەریی کرا. دانیشتنەکانی ڕاهێنان بەرجەستەکردنی کارلێکئامێزی چێشتلێنانیان لە خۆگرت لە گوندەکانی بەشداربووان، کە ئەمەش هانی گفتوگۆی دەدا دەربارەی تەندروستیی وخۆراکدان. هەروەها تێگەیشتنی ژنان بۆ خۆراکدانیش تاقیکرایەوە بە شێوازێکی کارلێکئامێز- لەڕێی پێشبڕکێیەکەوە لە نێوان تیمەکان بۆ دروستکردنی شۆربایەکی بەتام و تەندروست بۆ منداڵەکانیان. پێشبڕکێکە سەرکەوتنی تۆمارکرد لەو سۆنگەیەوە کە زەمینەسازیی کرد بۆ داهێنەریی لە دۆزینەوەی بیرۆکەی تازە بۆ ئامادەکردنی ژەمەکان بە خۆراکە خۆماڵییە بەردەستەکان. WFP بەردەوام بوو لەسەر هەوڵەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامە سەرەکییەکان لەڕێی دانیشتنە پەروەردەییەکانەوە کە ئاراستەی ژنان کرابوون، دەربارەی خۆراك پێدانی کۆرپە و منداڵی ساوا و ئامادەکردنی خۆراك. ژنان وەرگری سەرەکیی بوون لەبەر ئەوەی ئەوان بایەخپێدەری یەکەمن لە خێزانە عێراقییەکاندا.

WFP ئەم پەیامانە درێژە پێدەدات لە 2019، بۆ تەواوکاریی چالاکییەکانی تری پەیوەندیدار بە خۆراکدانەوە کە داڕێژراون بۆ جوتیارانی خاوەن کێڵگە بچووکەکان و سەوزکردنەوەی دارستانەکان و چالاکییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و پاکژیی (WASH).

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتەکانی ساڵ، چالاکییەکان لە سایەی دەرئەنجامی ستراتیژیی SO4 دا بەشدارییکردن لەگەڵ گروپی کاری خۆراکدانی لەخۆگرت، هەروەها بەهێزکردنی هەماهەنگیی لەگەڵ لایەنەکانی تری خۆراکدان وەکو UNICEF و پەیمانگەی توێژینەوەی خۆراکی وەزارەتی تەندروستیی.

بەمەبەستی ئاسانکاریی زیاتر لە پرۆگرامەکانی خۆراکداندا، ڕاوێژکاری هەرێمایەتیی خۆراکدانی WFP سەردانی هەردوو ئۆفیسی فەرعیی بەغداد و هەولێری کرد و یارمەتیی ستافیدا لە زیادکردنی پرۆگرام دانانی پەیوەست بە خۆراکدان لە هەموو چالاکییەکاندا. ئەمەش پێداچوونەوەیەکی لەخۆگرت بە گواستنەوەی بێمەرجی دەرامەت (URT) و سەبەتەی خۆراکیی و بڕەبەشەکانی و شیکارییەك بۆ ئەو بابەتە خۆراکییانەی کڕدراون لەلایەن سوودمەندەکانەوە لە کامپەکانی پەنابەراندا.

لەوەش زیاتر، بەدرێژایی 2018 WFP زنجیرەیەك دیراسات و شیکاریی پەیوەندیداری ئەنجامدا بۆ ڕێنماییکردنی سیاسات و کردارەکانی حکومەت لەبارەی ئاسایشی خۆراکیی و خۆراکدان، هەروەها پرۆگرامەکان و پرۆژەکانی گەشەپێدانی هاوبەشەکان و پلانی ستراتیژیی وڵات 2020-2024ی خودی WFP. ئەمەش "ئەتڵەسی کۆمەڵایەتیی-ئابوریی" لەخۆگرت، کە پاڵپشتیی دەکات لە " پێداچونەوەی ستراتیژیی لەناوبردنی برسێتیی" کە WFP پشتیوانیی دەکات وبریتییە لە بەرجەستەکردنێکی وێنەیی داتا کۆمەڵایەتیی وئابورییەکانی وڵات لەسەر ئاستی قەزا و داتای گشتگیری تەندروستیی وخۆراکدانی لەخۆگرتبوو. لەگەڵ ئەتڵەسی کۆمەڵایەتیی-ئابوریی، تیمی هەڵسەنگاندن ونەخشەکێشانی لاوازیی (VAM) ی WFP هەڵسەنگاندنی " ناوچەکانی ئاسایشی خۆراکیی عێراق"ی ئەنجامدا، کە لە وڵات دەڕوانێت لە گۆشەنیگای ئاسایشی خۆراکییەوە، کە ئەویش چارەنوسسازە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو سیاسات وبودجە وپرۆگرامانەی دەبنە هۆی بەرەوپێشچوونی ئاسایشی خۆراکیی وخۆراکدان لە وڵاتدا. ناوچەکانی ئاسایشی خۆراکیی ئامانجی ئەوەبوو ناوچەکانی زیادە و کورتهێنانی بەرهەم وئەوانەی لەبەر ئەگەری وشکەساڵیی و لافاودان و ئەوانەی بەکاربردنی خۆراکیان بەرز و نزمە و ئەوانەش کە زۆر لاوازن لەبەردەم نەبوونی ئاسایشی خۆراکییدا دەستنیشان بکات.ئەم جۆرە لە دیارییکردنی ناوچەکان بوار دەدات بە لایەنە سەرەکییە پەیوەندییدارەکان سەرچاوەکانیان ڕیزبەند بکەن بەگوێرەی ئاسایشی خۆراك و دۆخەکانی و ئەو پرۆگرامانەی خۆراکدان دابڕێژن کە ڕاسپاردەیان لەسەر دراوە.

بەرەو کۆتایی ساڵ، WFP دەستی کرد بە ئامادەکردنی پلانی پەیوەندییکردنی گۆڕینی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی (SBCC) کە هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی هەر یەك لە کەمیی تەنە خۆراکییە بچوکەکان و کێش زۆریی لە ناو دانیشتوانی عێراقدا. WFP ئەندامێکی ستافی خۆراکدانی نیشتمانیی دادەمەزرێنێت لە تیمەکەیدا لە 2019. ئەوەی ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە زامنکردنی ئامادەبوونیWFP لە گروپی کاری خۆراکداندا. ئەوان هاوبەشکاریی بەهێزتر دەکەن لەگەڵ UNICEF بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی خۆراکدان.

## دەرئەنجامی ستراتیژیی 05

## هەماهەنگییەکی کاریگەر بۆ یارمەتییە مرۆییەکان لە عێراق

لە سایەی دەرئەنجامی ستراتیژیی SO5 دا، WFP کاریکرد بۆ دابین کردنی هەماهەنگیەکی کاریگەر بۆ یارمەتیی مرۆیی لە عێراق لە ڕێی گروپی خزمەتگوزارییەکانەوە؛ گروپی لۆجستیی (LC)، گروپی پەیوەندییەکان و فریاگوزاریی نائاسایی (ETC) و گروپی ئاسایشی خۆراکیی (FSC).

WFP سەرۆکایەتیی گروپی لۆجستیی وگروپی پەیوەندییەکان وفریاگوزاریی نائاسایی کرد، وسەرۆکایەتیی هاوبەشی گروپی ئاسایشی خۆراکیی کرد پێکەوە لەگەڵ ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ (FAO).

گرووپی لۆجستیی پشتیوانیی کرد لە هەوڵێکی فراوانتری مرۆیی و بوژاندنەوە لە وڵاتدا لەڕێی سەرکردایەتیی کردنەوە لە هەماهەنگیی کاروباری لۆجستیی و دابین کردنی خزمەتگوزاریی هاوبەش و ئاسانکاریی بۆ دەرهێنانی گومرگیی کاڵاکانی یارمەتییە مرۆییەکان کە دێنە ناو وڵاتەوە.

ئۆفیسی–یەک-ڕاوەستان (OSS) لە کۆتایی 2016 دا دامەزرێنرا لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG)، و سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگیی قەیرانەکان (JCCC). OSS بریتییە لە خزمەتگوزارییەك کە بەکاردەهێنرێت لەلایەن هەموو هاوبەشە مرۆییەکانەوە، بۆ ئاسانکاریی پرۆسەی پەسەندکردن و بەڵگەنامە دەرکردن بۆ هاوردەکردنی کارگۆی بارکراوی یارمەتییە مرۆییەکان، وپەسەندکردنی ناوخۆی وڵات بۆ هاتنەناوەوەی ئەو بارکراوانە. بەدرێژایی ساڵ، شارەزایەکی گومرگیی لە نزیکەوە کاریکرد لەگەڵ وەزارەت و بەڕێوبەرایەتییە پەیوەندیدارەکان لە عێراقی فیدراڵ، بۆ ڕاییکردنی پرۆسەکان و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە نێوان هاوبەشە مرۆییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ڕێگرییانەی لەبەردەم هاوردەکردندا دێنەپێش.

لە 2018، چالاکییەکانی خزمەتگوزاریی هاوبەش شان بەشانی هەڵسەنگاندنی بەکارهێنان و ڕاپرسیی دەربارەی سەرنج و پێشنیازەکانی هاوبەشەکان و هەڵسەنگاندنەکانی بازار بوون، و نیازی سەرەتایی ئەوەبوو کە دابین کردنی هەموو خزمەتگوزارییەکان بە هاتنی کۆتایی ساڵ دابخرێت. نوێنەرایەتییەکی گرووپی لۆجستیی لە ئۆفیسی سەرەکیی WFP ستراتیژیکی ڕاگوزەری کاراکرد بۆ گرووپەکە- لەگەڵ WFP و OCHA و هاوبەشەکان. قۆناغی ڕاگوزەر بڕیارە لە سەرەتای 2019 دا ئەنجام بدرێت، بە داخستن/گواستنەوە بۆ گرووپی کاری کەرتەکە لە ئاداردا.

هەروەها گرووپی لۆجستیی زانیارییەکانی بەڕێوەبردن وکۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنەکانی داتای دابین کرد بۆ هاوبەشە مرۆییەکان لەگەڵ پڕکردنەوەی کەلێنە هەستیارەکان و زامنکردنی لێپرسینەوە.

لە 2019 ،چالاکییەکانی هەماهەنگیی گرووپ و بەڕێوەبردنی زانیاریی ڕادەستی گرووپی کاری کەرت – سێکتەر دەکرێت، کە WFP و ڕێکخراوێکی ناحکومیی نیشتمانیی سەرۆکایەتیی هاوبەش وەردەگرن. ئەرکی پەیوەندیی گومرگیی عێراقیی فیدراڵ بەردەوام دەبێت لە سایەی WFP دا، بە هەماهەنگییەکی نزیك لەگەڵ یەکەی چوونەناوەوەی OCHA.

پرۆژەی OSS ڕادەستی JCCC دەکرێت و دەخرێتەسەر وەزارەتی ناوخۆی KRG. ڕاپۆرتی داخستن و ڕاهێنانی بەڕێوەبردنی زانیاریی دەبێت لە سەرەتای 2019 ئەنجام بدرێت، بە پشتیوانیی ئۆفیسی سەرەکیی گرووپی لۆجستیی لە ڕۆما.

وەك بەشێك لە ستراتیژی ڕاگوزەر، ڕاهێنانی بنیاتنانی توانا ئەنجامدرا بۆ تیمی وەڵامدانەوەی لۆجستیی لە تشرینی دووەمدا، بە ئامانجی بەهێزکردنی توانا لۆجستییەکان لە ساتەوەختی قەیرانە مرۆییەکان و بارودۆخەکانی وەڵامدانەوەی باری نائاسایی.بەشداربووان پێکهاتبوون لە دەسەڵاتدارانی بەڕێوەبردنی قەیران وریکخراوە ناحکومییەکان و خاچی سور/مانگی سور و ئاژانسەکانی حکومەت و نەتەوە یەگرتووەکان لە 23 ڕێکخراوەوە.

لە کانوونی دووەم بۆ کانوونی یەکەم 2018، گرووپی لۆجستیی زیاتر لە 11,620 م2 لە خزمەتگوزارییە هاوبەشە هەڵگیراوەکانی لە کۆگاکاندا دابین کرد بۆ شەش ناوچەی سەرەکیی، لەوانە ئەو ناوچانەی نزیکن لە شوێنەکانی فریاگوزاریی نائاسایی- emergency و کامپەکانی ئاوارەکانی ناوخۆ؛

29,905م³ لە بارکراوە مرۆییەکان وەرگیران بۆ هەڵگرتنیان لە کۆگاکان، و 37 ملیۆن تەن گواستراوەتەوە لە بری 19 ڕێکخراوی مرۆیی. 29,905 م³ لە بارکراوە مرۆییەکان وەرگیران بۆ هەڵگرتنیان لە کۆگاکان، و 37 ملیۆن تەن گواستراوەتەوە لە بری 19 ڕێکخراوی مرۆیی. OSS ئاسانکاریی کرد بۆ دەرهێنانی گومرگیی و زیاتر لە 610 داواکاریی ڕاییکردووە بۆ ئەو بارهەڵگرانەی لە 76 ڕێکخراوەوە هاتوون. بۆ دڵنیابوون لە بەڕێوەبردنێکی لێهاتووانەی بارکراوە مرۆییەکان، یەکەکانی کۆگاسازیی گەڕۆك (MSUs) لە شوێنە ستراتیژییەکاندا هێڵراونەتەوە لە سەرتاسەری وڵاتدا، ئامادەن بۆ بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنیان لە ماوەیەکی کورتدا، بەگوێرەی داواکارییە تایبەتەکانی هاوبەشەکە، یان پێداویستییە کتوپڕەکانی چالاکییەکان.

یەکەکانی کۆگاسازیی گەڕۆك بە سەکۆی گەڕۆکەوە بەخێرایی ڕەوانەکران و دەستبەجێ بیناکران هەر دوای گەیشتنیان بۆ شوێنەکە، ئەمەش سەلماندی کە لێهاتوون لە وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی کۆگاسازیی کتوپڕ و شوێنە دوورە دەستەکان. گرووپی لۆجستیی بەسەرجەم 15 یەکەی کۆگاسازیی گەڕۆکی لەماوەی ئەمساڵدا بەقەرز داوە؛ 42 یەکەش بەخشران وەك بەشێك لە کەمکردنەوە و ستراتیژیی چوونەدەرەوە، ئەو 29 یەکەیەش کەماونەتەوە لە 2019 دا دەبەخشرێن.

بەهۆی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانەوە پەیوەست بە ڕێکارەکانی گومرگ و هاوردەکردن، گرووپی لۆجستیی توانای پەیوەندییەکانی فراوانتر دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هاوردە مرۆییەکان بۆ عێراقی فیدراڵ، بە گرێدانەوەی هاوبەشەکان لەگەڵ هاوتا پەیوەندییدارەکانی حکومەت. چالاکییەکانی گومرگ/هاوردە بە بەرەنگاریی سەرەکیی ماونەتەوە لەبەردەم گەیاندنی یارمەتییە مرۆییەکان. ئەمەش تێپەڕاندنی سیستمە ئاڵۆز و بیرۆکراتییە دامەزراوەکانی لە عێراقی فیدراڵدا و پرۆسە و یاسا و ڕێسا هەمیشە گۆڕاوەکان و قورسیی و گرانییەکان لە گواستنەوەی بارکراوەکان لە ناوخۆدا لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ عێراقی فیدراڵ و بە پێچەوانەوە لەخۆگرتووە.

سەکۆی/پلاتفۆرمی بەڕێوەبردنی زانیاریی گرووپ (کلەستەر) ەکان لەلایەن 89 هاوبەشەوە بینراوە/بەکارهێنراوە؛ بە نزیکەیی 500 بینینی وێبسایتەکە لە مانگێکدا، و زیاتر لە 45 بەرهەم دەستاودەستی پێکراوە. سەکۆی پەیوەندییکردنی تەرخانکراوی گرووپی لۆجستیی سەلماندی کە ئامرازێکی لێهاتووی پەیوەندییکردنە بۆ زیاتر لە 600 ئەندام بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی نوێکراوە و زانیاریی خێرا.

لە 2018، گرووپی پەیوەندییەکان وفریاگوزاریی نائاسایی (ETC) کە WFP ڕێبەریی دەکات گەلێ خزمەتگوزاریی گرنگی پەیوەندییکردنی دابین کرد بۆ کۆمەڵی هاوکاریی مرۆیی لە چەند شوێنێك لە عێراقدا، لەوانە چالاکییەکانی زیاتر کردنی یارمەتییە مرۆییەکان وەك بەشێك لە بەهاناوەچوونی موسڵ. پەیوەندیی بەستن بە ئینتەرنێتەوە یارمەتییدەر بوو لە دابین کردنی پێداویستییەکانی داتا بۆ کۆمەڵی کارە مرۆییەکان. خزمەتگوزارییەکان بۆ خودی کۆمەڵگەکان توانای فەراهەمکرد بۆ پەیوەندیی کردن، تەنانەت دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی خوێندنیش. ETC پەیوەندییەکانی دابین کرد لە 18 کامپدا بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ.

بەهۆی ئەوەی بواری چوونە ناو موسڵ هەبوو لە بەشی زۆری 2018، ETC دڵنیاییدا لەوەی خزمەتگوزارییە پێویستەکانی پەیوەندییکردن درێژکراونەتەوە بۆ ئەوەی خۆرهەڵات و خۆرئاوای موسڵ بگرێتەوە. ئەمەش یارمەتییدەر بوو لە زامنکردنی ئاسایش و سەلامەتیی کۆمەڵگەی ناوخۆیی و کۆمەڵی کارە مرۆییەکان.

چەند چالاکییەکی بنیاتنانی توانا ئەنجامدران لەسەر پشتگیریی و ڕێوشوێنەکانی پەیوەندیی ڕادیۆیی، کە لایەنە مرۆییەکان ئەنجامیاندا وئامادەی بوون. ئەنجامەکە هۆشیارییەکی زیاتر بوو دەربارەی سەلامەتیی و ئەمنییەتی ستاف و سەرچاوە بەنرخەکان، بۆ کاراکردنی وەڵامدانەوە و بەهاناوەچوونێکی مرۆیی لێهاتوو. هەروەها ETC لەگەڵ دابینکارە ناوخۆییەکانی ئینتەرنێت لە پەیوەندییدا بوو بۆ ئامادەکردن و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیی ئینتەرنێت،لە ناوچە هەرە زیانلێکەوتووەکانی ململانێدا.

وەك بەشێك لە ستراتیژی چوونەدەرەوە بۆ ETC، هەندێك لە چالاکییەکان ڕادەستی UNDSS و UNAMI کران– بۆ نموونە، خزمەتگوزارییەکانی یارمەتیی تەکنیکیی وەکو تۆڕەکانی ڕادیۆ و پەخشدەرەوەکان.

گرووپی ئاسایشی خۆراکیی FSC بایەخی چڕکرەوە لەسەر هەماهەنگیی میکانیزمەکانی بەهاناوەچوون بۆ یارمەتیی خۆراکیی و بژێوییەکان بۆ ئەو خەڵکەی ئاسایشی خۆراکییان نییە لەگەڵ ڕێڕەوەکانی ئاوارەیی، لە شوێنەکانی ناو کامپ و دەرەوەی کامپ. گرووپەکە زنجیرەیەك ڕاهێنانی ئەنجامدا بۆ هاوبەشیی پێکردنی مەعریفە و ئەزموونەکان دەربارەی سەرچاوە داراییە کۆکراوەکان لەسەر ئاستی وڵات (CBPF) وبازنەی ژیانی پرۆگرامە مرۆییەکان و هەڵسەنگاندن و چاودێریی لاوازیی ئاسایشی خۆراکیی وهەڵمەتی داکۆکیی و بەڕێوەبردنی زانیاریی و پلانی باری نائاسایی. لە ڕێی دامەزراندنی تیمێکی پێداچوونەوەی ستراتیژییەوە و دەستنیشانکردنی پێوەرە ستراتیژیی و تەکنیکییەکانەوە، گرووپی ئاسایشی خۆراکیی FSC پرۆسەیەکی بۆ پێداچوونەوە بە پێشنیازەکانی سەرچاوە داراییە کۆکراوەکان لەسەر ئاستی وڵات (CBPF) خستەڕوو. گرووپی ئاسایشی خۆراکیی FSC ئاسانکاریی کرد بۆ دانیشتنەکانی ڕاهێنان و خولی فێرکاریی لەگەڵ UNFPA بۆ ناساندنی توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەریی (GBV) و خۆپاراستن دژی ئیستیغلال و دەستدرێژیی سێکسیی (PSEA) بۆ هاوبەشەکانی گرووپ و پێشکەشکردنی ڕاهێنان لەسەر خۆراکدان بۆ هاوبەشەکان.

گرووپی ئاسایشی خۆراکیی FSC ئاگادارکردنەوە و ڕێنماییە پێویستەکانی دابین کرد ئەو کاتەی کێڵگەکانی ماسیی لە ڕووباری دیجلەدا کەوتنە بەر هەڕەشەی پیسبوون کە لە بەشی سەرەوەی ڕێڕەوی ڕووبارەکە ڕوویدابوو.

# ئەنجامە گشتگیرەکان

## بەرەوپێشچوون ڕووەو یەکسانیی ڕەگەز (جێندەر) یی

**یەکسانییەکی جێندەریی و توانادارکردنێکی بەرەوپێشچووی ژنان لە نێو دانیشتوانی یارمەتیدراو لەلایەن WFP یەوە**

ڕیزبەندکراو لە پلەی 120 لە کۆی 189 وڵات لە نیشاندەری نایەکسانیی جێندەریی Gender Inequality Index کۆمەڵگەی عێراقیی کە پیاوان باڵادەستن تیایدا بەردەوامە لەسەر ئەوەی ژینگەیەکی پڕ بەرەنگاریی بێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامانەی یەکسانیی جێندەرییان تێدایە، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی نەریتخواز-تەقلیدیی ژنان ڕۆڵێکی سنوردارکراویان هەیە لە ژیانی گشتییدا. ئەمڕۆ ژنان وکچانی عێراق دەناڵێنن بەدەست نەبوونی دەرفەتگەلەکانی پەروەردە وفێرکردن وچاودێریی تەندروستیی و دەستپێگەیشتنی سنووردارەوە بۆ بازاڕی کار،هەروەها بەدەست ئاستە بەرزەکانی نایەکسانییەوە. زەبروزەنگ و نەبوونی ئاسایش و سەقامگیریی ژنان کۆتوبەند دەکەن بۆ وابەستەبوون بە ڕۆڵە تەقلیدییەکانی منداڵ بەخێوکردن ودایکایەتییەوە، ئەمەش دەستگەیشتنیان بۆ بەکارخستن و خوێندن سنووردار دەکات [1] .

سەرباری ئەوەی ژنان 49 لەسەدی کۆی دانیشتوان پێکدەهێنن و سەرۆکایەتیی 1 لە 10 خێزانی عێراقیی دەکەن، ئەوان زیاتر لەبەردەم هەژاریی و نەبوونی ئاسایشی خۆراکییدان بەهۆی ئاستە گشتییە نزمەکانی داهاتیانەوە.

WFP جێندەری کردۆتە بابەتێکی سەرەکیی بە ناو هەموو چالاکییەکانیدا لە 2018، بۆ دڵنیابوون لەوەی یارمەتییە خۆراکییەکان و پرۆگرامەکانی توانای بەرەنگاربوونەوە وەڵامی پێداویستییە جیاوازەکانی ژنان وپیاوان و کچان و کوڕان دەدەنەوە. ئۆفیسی وڵات ڕێوشوێنی گرتەبەر بۆ چارەسەرکردنی بەرەنگارییەکانی پەیوەست بە نایەکسانییە جیندەرییەکان لە وڵاتدا، وەکو ئەنجامدانی گفتوگۆی گروپی کەسانی دیارییکراو تایبەت بە جێندەر،و ڕیزبەندیی لەپێشینەی ئابووریانەی ژنانی لاواز لە کاتی بەئامانج وەرگرتن و دەستنیشانکردنی دانیشتوان کە پێویستیان بە یارمەتیی خۆراکییە. لەهەر شوێنێکیش کرابێت، کارتی بەشە خۆراك دەرکراوە بە ناوی ئەندامێکی مێینەی گەورەی خێزانەکەوە بۆ هاوکارییکردن لە باڵادەست بوونی ژنان بەسەر یارمەتیی خۆراکیی و ڕۆڵیان لە بڕیاردانی خێزانیدا دەربارەی خۆراك.

یەکسانی جێندەریی هەر لە قۆناغی پلاندانانەوە خرایە ناو پرۆگرامی تەکنەلۆژیا بەرامبەر خۆراك، کە تیایدا 52 لەسەدی بەشداربووان ژن بوون، و 44.4 لەسەدی ئەو 17 لەسەد دەرچووەیان پێکدەهێنا کە لەوکاتەوە ئیشیان دەستکەوتووە.

چالاکییەکان لەعێراقدا بەردەوام بوون لەوەی جێبەجێبکرێن یەکانگیر لەگەڵ سیاسەتی جێندەری WFP لە 2018. لەسەر ئاستی هەموەکیی macro ، WFP هانی یەکسانیی جێندەریی (نێوان هەردوو ڕەگەز) یدا بە دڵنیابوون لەوەی ژنان و پیاوان و کچان و کوڕان ئاشناکراون بەکێشە وبابەتەکانی جێندەر، بە دیدگای کەمکردنەوەی توندوتیژیی سێکسیی و توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەریی (SGBV). ئەندامانی تۆڕی ئەنجامەکانی جێندەر لە هەریەك لە ئۆفیسە فەرعییەکان بەرپرسیار بوون لە چالاکییەکانی هەڵمەتی داکۆکیی و بانگەشەکردن بۆ زامنکردنی ئاشنابوون بە جێندەر - 19 دانیشتنی ناساندنی توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەریی (GBV) ئەنجامدران لەماوەی ساڵەکەدا بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ (IDPs) و پەنابەران و ستافی هاوبەشی هاوکار (CP) و WFP. دوو دانیشتن ئەنجامدرا لەسەر گۆڕینی نێرایەتیی پیاوسالارانە و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان - Transforming Patriarchal Masculinities and Social Norms بەبەشداریی 383 پیاو و 345 ژن کە ئامادەی دانیشتنەکان بوون لە 2018.

WFP کەسی سەرەکیی بۆ پەیوەندیی بۆ جێندەر هەبووە لە هەر ئۆفیسێکی فەرعیی، کە لەگەڵ هاوبەشە هاوکارەکان کاریکردووە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ڕەفتارەکانیان بەتەواوەتیی یەکانگیرە لەگەڵ ئامانجە جێندەرییە هاوبەشەکان. هاوبەشە هاوکارەکان CPs ستافی جێندەر وپاراستن و لێپێچینەوە بۆ دانیشتووانی زیانلێکەوتوو (AAP)ی خۆیان هەیە کە بەشداربوون لە چالاکییە جێندەرییەکان کە لەلایەن ئۆفیسە فەرعییەکانەوە ڕێکخرابوون. بۆ نموونە، یەکێك لە داواکارییەکان بۆ ڕێککەوتنێکی گرێبەستکارانە لەگەڵ هاوبەشەکان ئەوەبوو کە ئەوان کەسێکی سەرەکیی پەیوەندیی بۆ جێندەر لەسەر کار دابمەزرێنن. هەموو کەسە سەرەکییەکانی پەیوەندیی ڕاهێنران لەلایەن لێپرسراوانی جێندەریی WFPیەوە لە ماوەی ساڵەکەدا. چالاکییەکانی ئاشنابوون بەزۆریی لە چوارچێوەی کەمپینی GBVدا ئەنجامدران.

لەهەموو چالاکییەکاندا،WFP کاریکردووە بۆ دڵنیابوون لەوەی ژنان وپیاوان وکچان وکوڕان دەتوانن بگەن بە میکانیزمە لەبار و گونجاوەکان لەڕووی کلتوورییەوە بۆ سکاڵاکردن و سەرنج و پێشنیازەکان، هەروەها مەشقەکانی ڕاوێژکاریی و برەوپێدانی بەشداریی یەکسانی ژنان و پیاوان لە بڕیاردان لەسەر پرۆگرامەکان.

## پاراستن

**دانیشتوانی زیانلێکەوتوو توانایان هەیە سوود وەربگرن لە پرۆگرامەکانی WFP بە شێوەیەك سەلامەتیی و شکۆمەندیی و ئەستۆپاکییان زامن بکات و برەویان پێبدات**

ئاوارەبوونەوەی چەندجارە بەردەوام بوو لەسەر ئەوەی کاریگەریی هەبێت بۆ سەر سەرچاوەکانی بژێویی ژیانی هاووڵاتیان و پەنابەران لە عێراق، بەهۆی درێژەکێشانی ململانێی سەراپاگیر لە وڵاتدا. سەرباری هەوڵەکانیان، زۆرێك لە خێزانە ئاوارەکانی ناوخۆ کە لە ڕووی ئابوورییەوە لاوازن نەیانتوانی بگەڕێنەوە زێدی خۆیان بە بێ یارمەتیی. هەرکات گونجاو بووبێت و بە ترس ونیگەرانیی زیاتر لە ئاسایش ئاستەنگیان بۆ دروست نەکرا بێت، گەڕاوەکان دوچاری نەبوونی دەرفەتە داهات بەخشەکان بوون. کۆمەڵگە خانەخوێیەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان بە لێشاوی کۆچڕەوی ئاوارەکانی ناوخۆ و پەنابەران، توشی بێکاریی و نالەباریی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بوون.

لە 2018، WFP نیشاندەرەکانی ئەنجامی گشتگیر- پاراستن و هاوبەشیی پێکردنی زانیاریی - پێکەوە گرێدا وەك بەشێك لە چوارچێوەی تازەی بەهاناوەچوون لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکە. ئەگەرچی کێشە و بابەتگەلێکی هەستیاری ئەوتۆ لە ئارادانەبوون، بەڵام پاراستن بەکردار زیانی گەیاند بە ئاسایشی خۆراکیی. کێشەکان ئەمانەیان لەخۆگرتبوو؛ ئیستیغلال لەلایەن ئەو بازرگانانەی هەڵبژێردراون بۆ خەرجکرنی برە پارەی کۆبۆن-voucher و چالاکییەکانی پارەی نەختینەیی گەڕۆك، دروستکردنی هۆکارە خاوکەرەکان-pull-out بۆ گەڕانەوەی بەزۆر، پەناگە، شوێنی نیشتەجێ بوون، قوتابخانە، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، ناوچە مینڕێژکراوەکان، و نەبوونی دەرفەتەکانی پەیداکردنی بژێویی. بۆ ئەو کەسانەی کەمئەندامن، دەشێت گەیشتن بە شوێنەکانی دابەشکردن پڕ بەرەنگاریی بێت.

بۆ ئەمە، WFP پرۆسەگەلێکی سەلامەتی دامەزراند بۆ کەسە نزیکەکان بۆ ناوەندگیریی و زامنکردنی گەیشتن بە یارمەتیی. یەکێکی تر لە کێشەکان کە کاریگەریی هەبوو لەسەر ئاوارەکانی ناوخۆ نەبوونی بەڵگەنامە فەرمییەکانە، کە ئەمەش کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەو خێزانانەی بە لایەنگرانی دەوڵەتی ئیسلامیی تەماشا دەکرێن-کە زۆرینەیان ئەو خێزانانەن کە بەخێوکارەکانیان ژنانن. بۆ دڵنیابوون لەوەی هیچ خێزانێك دوورنەخراوەتەوە لە یارمەتیی خۆراکیی، WFP پرۆسەگەلێکی دامەزراند بۆ پشتڕاستکردنەوەی دۆخی نیشتەجێییان بە هەماهەنگیی لەگەڵ کارگێڕیی کامپ ولایەنەکانی تر. بەهەمان شێوە جۆرایەتییەکانی یارمەتیی خۆراکیی- شمەکیی، نەختینە یان کۆبۆنی ئەلکترۆنیی – بەرچاوکردنی مەترسییەکانی پاراستن هەڵبژێردران.

WFP دوو میکانیزمی هەبوو بۆ دانیشتووانی بەئامانج وەرگیراو بۆ ناردنی کێشە و گرفتەکانی پەیوەست بە پرۆگرام و هەڵسوکەوت یان ئاکارەوە،وەکو گەندەڵیی، ساختەکاریی و ئیستیغلال: ئۆفیس و سندوقەکانی سکاڵا لە شوێنەکانی دابەشکردن کە لایەنی هاوبەش ڕێبەرییان دەکات، وسەنتەری پەیوەندیی ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزارییەکانی پڕۆژە (UNOPS). چاودێرە مەیدانییەکان سەرنج و ڕەخنە و پێشنیازەکانیان کۆکردەوە لە میانە و لەپاش دابەشکردنەکان. کەسی سەرەکیی پەیوەندیی دانران بۆ ئیحالەکردنی کەیسە هەستیارەکان. WFP گفتوگۆکانی گروپی کەسانی دیارییکراوی بەڕێوەبردووە لەگەڵ سوودمەندەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو، لەوانە لە وەڵامی نیگەرانییەکانی پەیوەست بە پاراستندا.

بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان،WFP بەشێوەی ڕێکخراو پەیوەندییکردووە لەگەڵ کۆمەڵگەکان-ڕاستەوخۆ و لەڕێی هاوبەشە هاوکارەکانەوە، بەمەبەستی دابین کردنی زانیاریی گونجاو وڕاست ودروست بۆ سوودمەندان وکۆمەڵگە دەربارەی مافە شایستەکان، پێوەرەکانی بەئامانج وەرگرتن وچالاکییەکان. بۆ کەیسەکانی پاراستن ،WFP کەسی سەرەکیی پەیوەندیی هەبوو کە کەیسەکانی ئیحالە دەکرد بۆ لایەنە سەرەکییەکانی پاراستن بۆ بەدواداچوونیان. بۆ هەڵسەنگاندنی هاوبەشی لاوازیی، پرۆسەکە بەشێوەیەکی تر کاریدەکرد. بکەرەکانی پاراستن لە مەیدان دەستنیشانی ئەو کەیسانەیان دەکرد کە – سەرباری ئەوەی هەڵسەنگێنرابوون بەوەی ئاسایشی خۆراکییان هەیە، بەهۆی لاوازییەکانی پاراستنیانەوە- لە چواچێوەی سوودمەندە بەئامانج وەرگیراوەکانی WFP دا دانرابوون.

کۆمیسارییای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران وWFP پێکەوە پێوەرەکانی لاوازییان دەستنیشانکرد بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنی کەیسەکان کاتێك گۆڕانکاریی هەبوو لە خێزانەکەدا بۆ خۆلادان لە هەڵەکانی ئەگەری دوورخستنەوە.WFP ڕێڕەوەکانی ئیحالەی دەستنیشاندەکرد لەسەر ئاستی حکومەت بۆ کەیسەکانی پاراستن کە لەکاتی جێبەجێکردندا هاتبوونە ئاراوە.

WFP سەرۆکایەتیی هاوبەشی تۆڕی ناو ئاژانسیی قەدەغەکردنی ئیستیغلال و دەستدرێژیی سێکسیی (PSEA) کرد لە عێراق، ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە ناردن و ئیحالەکردنی ئیستیغلال و دەستدرێژیی سێکسیی SEA، بنیاتنانی تواناکان و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی. لە 2019، WFP هەریەك لە ستراتیژەکانی توانا بەخشین بە ژنان و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پاراستن ئامادە دەکات، و هەڵسەنگاندنەکانی جێندەر و پاراستن ئەنجام دەدات. لە هەموو چالاکییەکاندا WFP بایەخ چڕدەکاتەوە لەسەر توانای بەرەنگاربوونەوە و بەرجەستەکردنی دەنگی سوودمەندەکان لە پرۆسەی بڕیاردانداً.

## لێپێچینەوە بۆ دانیشتوانی زیانلێکەوتوو

**دانیشتوانی زیانلێکەوتوو توانایان دەبێت بۆ لێپێچینەوە لە WFP و هاوبەشەکان بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی برسێتییان بە شێوەیەك کە ڕەنگدانەوەی ڕوانینەکان و پەسەندکارییەکانیان بێت**

لێپێچینەوە بەهایەکی گەوهەرییە لە هەموو چالاکییەکانی WFP دا لە 2018. ئۆفیسی وڵات درێژەی دا بە کاروانەکەی بۆ ئەوەی لەبەردەم ئەو خەڵکەدا کە خزمەتی کردوون بە بەرپرسیار بمێنێتەوە، و بەشدارییان پێ بکات لەو بڕیارانەدا کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ژیانیان. بنەماسازیی پرۆگرامەکان لەسەر پەسەندکارییەکانی سوودماندان داڕێژران کە لەگەڵ چوارچێوەی کارەکەدا گونجاوبن و بەو جۆرە بن کە ڕاسپاردەیان لەسەر دراوە. بۆ ئەم مەبەستەش، WFP عێراق بایاخی چڕکردبووەوە لەسەر پەیوەندییکردن لەگەڵ کۆمەڵگەکان (CwC)، (ڕاوێژکاریی، میکانیزمەکانی سکاڵا و ڕەخنە و پێشنیاز (CFM) و هاریکاریی نێوان ئاژانسەکان).

ستراتیژەکانی پەیوەندییکردن لەگەڵ کۆمەڵگەکان CwC لە هەموو چالاکییەکاندا پەیڕەو کراوبوون. لەپاڵ بڵاوکردنەوەی بەردەوامی پەیامەکان دەربارەی مافە شایستەکان و پێوەرەکانی بەئامانج وەرگرتن و کاروبارە لۆجستییەکان، WFPپەیامگەلی سەرەکیی دارشت کە دەنێردران بۆ ئاگادارکردن لە هەر تاکە گۆڕانکارییەك لە ماوەی جێبەجێکردنی پڕۆژەدا. ئەمەش دڵنایی دەدا کە کۆمەڵگەکان بە شێوەیەکی کاریگەرانە ئاگادار دەکران دەربارەی بڕیارگەلی پرۆگرامسازیی کە کاریگەرییان هەبوو بۆ سەر ژیانیان، بە دیارییکراویی: (i) کەمکردنەوەی دوو بڕەبەش بۆ خێزانە گەورەکان لە نیساندا؛(ii) پرۆسەکانی هەڵسەنگاندنی هاوبەشی لاوازیی و بەئامانج وەرگرتنی پەنابەران؛(iii) کەمکردنەوە لە یارمەتیی خۆراکییدا لە ئەیلول و تشرینی یەکەمدا. لەگەڵ ئەوەدا، بایەخدان هەبوو بۆ زامنکردنی وەڵامدانەوەی ئەو سکاڵا و ڕەخنە و پێشنیازانەی بەدەستگەیشتبوون لەڕێی میکانیزمەکانی سکاڵا و ڕەخنە و پێشنیازەوە (CFM) کە پەیڕەو دەکران.

میکانیزمە سەرەکییەکانی سکاڵا وڕەخنە و پێشنیاز CFMی WFP بریتییە لە سەنتەری زانیاریی عێراق (IIC) ی UNOPS. لە 2018 دا، سەنتەری زانیاریی عێراق IIC ، 87,824 پەیوەندیی وەرگرتووە کە لەوانە 11.6 لەسەد پەیوەندیداربوون بە یارمەتیی خۆراکییەوە. سکاڵاکانی پەیوەندیدار بە WFP و داواکارییەکان بۆ یارمەتیی لەلایەن سەنتەری زانیاریی عێراق IIC ەوە ئیحالەکراون بە شێوەی ڕۆژانە و دانە بە دانە چارەسەرکراون. سەبارەت بە پرۆسەی بەئامانج وەرگرتنی پەنابەران،WFP هێڵێکی پەیوەندیی خێرا hotline ی دانا بۆ گەیاندنی سکاڵاکان و دەستنیشانکردنی هەڵەکانی دانان و دوورخستنەوە. وەك بەشێك لە لێپێچینەوەی WFP لە کاتی مەشقەکانی بەئامانج وەرگرتندا، لیژنەی پێداچوونەوەی کامپ (CRC) دامەزرێنرا بۆ شیکردنەوە و گرتنەبەری کردار دەربارەی هەڵەکانی دانان و دوورخستنەوە. زیاتر لە 600 حاڵەت ئیحالەکران بۆ لیژنەی پێداچوونەوەی کامپ CRC و لەلایەن لیژنەکەوە هەڵسەنگێندران.

لە ئەیلول –تشرینی یەکەمی 2018 ،کاتێك دەبوو WFP دوو بڕەبەش بۆ خێزانە گەورەکان کەمبکاتەوە و بڕەبەشەکان بکات بە نیوە بۆ پەنابەران بەهۆی سنووربەندییەکانی دارایی دانەوە، ڕێبازەکەی WFP ئەوەبوو سەرەتا پلانێکی کاری پەیوەندییکردن لەگەڵ کۆمەڵگەکان CwC و پەیامەکان ئامادە بکات بە ڕاوێژکاریی لەگەڵ لایەنە سەرەکییە پەیوەندییدارەکاندا، وەکو CwC و گروپەکانی کاری پارەی نەختینە

پاراستن و گروپەکانی بەڕێوەبردنی کامپ. پەیامەکان ڕەوانەکران بۆ دانیشتووانی ناو کامپەکان بە هاوکاریی لەگەڵ کارگێڕیی کامپ و هاوبەشە هاوکارەکان CPs و هاوبەشەکانی CwC و سەرکردەکانی سێکتەر. WFP گفتوگۆکانی گروپی کەسانی دیارییکراو-(FGD)ی ئەنجامدا لەگەڵ نوێنەرانی جڤاتی ئاوارەکانی ناوخۆ بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی پەیامەکان چۆن وەرگیران، لەگەڵ کاریگەریی پێشبینییکراوی گۆڕانکارییەکان. کەناڵەکانی زانیاریی کە WFP بەکاریهێنان بریتیی بوون لە کەسانی سەرەکیی پەیوەندیی CwC/ ڕووبەڕوو، لافیتە هەڵواسراوەکان و بەیاننامەکان.

بە درێژایی 2018 WFP ڕاوێژکاریی ڕێکوپێکی ئەنجامداوە لەڕێی گفتوگۆکانی گروپی کەسانی دیارییکراوFGDەوە بۆ باشتر تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی بڕیارە پرۆگرامسازییەکانی لە جڤاتەکانی ئاوەرەکانی ناوخۆ/پەنابەراندا. ئەوەی لە ڕاوێژکارییەکاندا وتراون تۆمارکراون بۆ کردار وشیکاریی. گروپی هەماهەنگیی نێو گروپەکان سیستمێکی ئیحالەکردنی بەڕێوەبرد، کە لەڕێیەوە سکاڵاکانی پەیوەست بە سێکتەر ڕاستەوخۆ نێردراون بۆ هاوبەشەکان لە گروپ و ئاژانسە سەرەکییە پێشەنگەکان، بۆ دڵنیابوون لەوەی بەخێرایی چارەسەر دەکرێن. WFP بەهاوبەشیی سیستمەکەی دامەزراند و بە ڕێکخراویی ڕاپۆرتەکانی هەڵدەسەنگاند کە لە سەنتەری زانیاریی عێراق IIC ەوە دەهاتن لە کاتی بڕیاردانی پەیوەست بە پرۆگرامەکاندا. هەرچی دەربارەی ڕێککەوتنە گرێبەستکارییەکانیشە لەگەڵ هاوبەشە جێبەجێکارەکان – و لەپاڵ هێڵە ڕاستەوخۆکەدا- WFP کاریکرد لەگەڵ هاوبەشە هاوکارەکان CPs بۆ دامەزراندنی میکانیزمەکانی سکاڵا وڕەخنە و پێشنیازەکان CFM لە شوێنەکانی دابەشکردندا: ئۆفیسەکانی زانیاریی، سندوقەکانی پێشنیاز و کەسانی سەرەکیی پەیوەندیی بۆ سکاڵاکان، بۆ هەرچی باشتر وەرگرتن و چارەسەرکردنی نیگەرانییەکانی سوودمەندان و پێداویستییەکانیان.

## ژینگە

### جڤاتە بەئامانج وەرگیراوەکان سوودمەند دەبن لە پرۆگرامەکانی WFP بە شێوەیەك کە زیان ناگەیەنێت بە ژینگە

بە هەڵکەوتەی جوگرافیی لە کەش و هەوایەکی وشك و نیمچە وشکدا، عێراق لە دۆخی لاوازییدایە لە بەردەم گۆڕانی کەش وهەوا و بومەلەرزەکان و لافاوەکاندا، بە تایبەتیی سیستمە لەرزۆکەکانی کاری کێڵگەیی. هەرچەندە ئابوری عێراق بە نەوت کۆنترۆڵکراوە، بەڵام کشتوکاڵ دووەم گەورەترین بەشدارە لە کۆی دەستهاتی ناوخۆیی GDP وڵاتەکەدا (بە نزیکەی 5 لەسەد) و بە سەرچاوەیەکی گرنگی بژێوییەکانی ژیان دادەنرێت بۆ 25 لەسەدی دانیشتوان[1]. لە عێراق، گۆڕانی کەش و هەوا دیاریی داوە لە پلە بەرزەکانی گەرمادا، کەمیی باران بارین- بە دابەشبوونێکی شوێنگەیی و زەمانیی نایەکسانەوە- وشکەساڵیی بە دووبارەبوونەوە/توندییەکی بەرزەوە و گەردەلولە لمینەکان و سەرهەڵدانی مێروو و ئافاتە تازەکان.

لاوازبوونی کەرتی کشتوکاڵ- لە بەشێکیدا بەهۆی هۆکارە ژینگەییەکانەوە- بە ڕوونی دیارە لە فەوتانی بەردەوامی زەوییە لەبارەکان بۆ کشتوکاڵ و لەدەستچوونی بەرهەمداریی و کەمبوونەوەی بەشداریی گشتیی کشتوکاڵ لە پێکهێنانیGDP دا. دەکرێت کەمبوونەوەی زیاتری زەوییە لەبارەکان بۆ کشتوکاڵ وبەرهەمداریی سەرچاوەکانی بژێویی وێران بکەن و نەبوونی ئاسایشی خۆراکیی زیاد بکەن[2]. عێراق بەقورسیی پشتدەبەستێت بە سەرچاوە ئاوییەکان کە لەودیو سنورەکانییەوە هەڵدەقوڵێن. لەوەش زیاتر، ساڵەهای ساڵ لە شەڕوشۆڕ ژێرخانی خاپوور کردووە، سیستمەکانی ئاودێریی کۆن و بەسەرچوون و ئەو بەرهەمانەی بە چڕوپڕیی ئاویان دەوێت باون. هەموو ئەمانە بە سەختیی کاریگەرییان هەیە بەسەر بەردەستبوونی ئاو بۆ کشتوکاڵ ومەڕومالآت. ئەنجامەکەش پشتبەستنێکی

تره بە خۆراکە سەرەکییە هاوردەکراوەکان. لە حوزەیرانی 2018، حکومەتی عێراق قەدەغەیەکی کاتیی دانا لەسەر چاندنی ئەو بەرهەمانەی بە چڕوپڕیی ئاویان دەوێت- وەکو برنج وگەنمەشامی وکونجی وگوڵەبەڕۆژە- بۆ وەرزی کشتوکاڵیی هاوینە، بەهۆی بەردەستبوونی کەمبووەوەی ئاو بۆ ئاودێریی. قەدەغەکە مەبەستی زامنکردن وڕیزبەندکردنی لە پێشینەی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە بوو لە سەرتاسەری وڵاتدا، هەروەها ئاو بۆ باخەکانی میوە و مەبەستە پیشەسازییەکان و چاندنی سەوزەوات بەدرێژایی 150,000 دۆنم. ئامانجێکی تەریب کۆنترۆڵکردنی کەمیی ئاو بوو لە بەنداوەکانی عێراق پاش ئەوەی کۆماری تورکیا دەستیکرد بە گلدانەوەی ئاو لە ڕوباری دیجلە لە بەنداوی ئەلیسو، ئەمەش بەشی ئاوی عێراقی لە ڕوبارەکە کەمکردەوە بۆ نزیکەی 9.7 مليار م$^3$ / ساڵ لە 20.93 مليار م$^3$ / ساڵەوە کە جاران بە ئاسایی هەیبوو. بەمەبەستی چارەسەرکردنی کەمیی دابین کردنی ئاو لە ڕوبار و جۆبارەکاندا لە پارێزگای واست، دەسەڵاتی گشتیی ئاوی ژێر زەویی داوای تەرخانکردنی دارایی کرد بۆ هێشتنەوەی ئامێرە مەیدانییەکان بۆ لێدانی بیرە ئاوییەکان.

لە 2018، بۆ یارمەتیدانی وڵاتەکە لە کەمکردنەوەی کاریگەریی چەند بارە و پێکەوە گرێدراوی گۆڕانی کەش و هەوا، پرۆگرامی یارمەتیی خۆراکیی بۆ سەرچاوە بەنرخەکان FFAیWFP پلانەکانی سەوزکردنەوەی دارستانەکان و بنیاتنانەوەی جۆگە ئاوییەکان ( لەو ناوچانەی کە پێشتر ئاودێریی بە جۆگەکان هەبووە)، لە 8 قەزادا. WFP بە نیازە ئەو چالاکییانە فراوان بکات کە برەودەدەن بە بژێوییەکانی کۆمەڵگەکان، بە هاوبەشیی لەگەڵ لەگەڵ سەرەکیی ترین لایەنە پەیوەندییدارەکاندا.وەك بەشێك لە فەلسەفەی دەخاڵەتکارییەکانی توانای بەرەنگاربوونەوەی WFP ، بایەخ دراوە بە هاندانی ئەو پڕۆژانەی کە ئەنجامەکانیان هەستیارن بەرانبەر ژینگە؛ لەوانە پەمپ-ترومپای نێو بیرە قوڵەکان کە بە وزەی خۆر کاردەکەن و ئاودێریی بە دابەشکردنی لولە ئاوکێشەکان بۆ جێگرتنەوەی تەکنیکە پر لە بە هەدەردانەکانی ئاودێریی بەخوڕ و جۆرایەتیی باشتری تۆو و بەرهەم و شتی تریش.

# داهێنان

## گۆڕانكاریی ژمارەیی لە سیستمی دابەشكردنی گشتیی (PDS) دا

پرۆگرامی خۆراكی جیهانیی (WFP) یارمەتیی وەزارەتی بازرگانیی دەدات بۆ بە ژمارەیی كردنی سیستمی دابەشكردنە گشتییەكەی (PDS)، كە ئامانج لێی دابین كردنی خزمەتگوزاریی باشتر و لێهاتووانە ترە بۆ هاووڵاتیان و باشكردنی ڕوونكاریی-transparency و لێهاتووكردنی چالاكییەكان.

PDS بریتییە لە پلانی بەشە خۆراك، كە سەرەتا بۆ یەكەم جار لە 1991 دا خرایە كار بۆ یارمەتییدانی عێراقییەكان بۆ دەربازبوون لە كاریگەرییەكانی سزا نێودەوڵەتییەكان. تەنانەت ئەمڕۆش، هەموو هاووڵاتیانی وڵاتەكە- جگە لەوانەی لەدەرەوەی عێراق نیشتەجێن و فەرمانبەرانی كەرتی گشتیی كە زیاتر لە یەك ملیۆن دینار لە مانگێكدا وەردەگرن- بە شایستە دەمێننەوە بۆ بەشە خۆراكەكەیان: پێكهاتەیەكە لە برنج و ئاردی گەنم و ڕۆن و شەكر. ئەو بەشە خۆراكە هەرە بەرچاوترین بەرنامەی پاراستنی كۆمەڵایەتیی حكومەتی عێراقە.

لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆسەكانی پشتدەبەستن بە تەكنەلۆژیایەكی بەسەرچوو: تۆمارەكان تەنها لە چەند شوێنێكی دیارییكراودا نوێ دەكرێنەوە، و ئەو تۆمارانە بە دەستیی دەگوازرێنەوە بۆ سیستمی ناوەندیی لە بەغداد. لیستەكانی دابەشكردن لەسەر پەڕە چاپ دەكرێن؛ كۆبۆنەكانی خۆراك بۆ هاووڵاتیان دەردەچوێندرێن بۆ ئەوەی بەشە خۆراكەكەیانی پێ وەربگرن.

مۆدێرنیزە-بەسەردەمییانەكردنی PDS یەكانگیرە لەگەڵ ستراتیژی نیشتمانیی كەمكردنەوەی هەژاریی عێراق 2018-2022. پێنجەم ئەنجامی ئەم ستراتیژە بایەخ چڕدەكاتەوە لەسەر پاراستنێكی كۆمەڵایەتیی كاریگەر بۆ هەژاران، كە چاكسازیی وبەسەردەمییانەكردنی PDS لەخۆدەگرێت لەبەرنامەی كاری ئامانجەكانی گەشەپێدانی بەردەوامی ستراتیژەكەدا و وەرچەرخان لە سیستمێكی كۆمەككردنی – ئیعاناتی بەكۆمەڵەوە بۆ یارمەتیی ڕاستەوخۆی بەئامانج وەرگیراو بۆ هەرە لاوازترینەكان.

سەكۆی بەڕێوەبردنی ناسنامەی ژمارەیی و گواستنەوە بەڕێوەبردنی ناسنامە وگواستنەوەی هاووڵاتیان لامەركەزیی دەكات. هەروەها ئەم سەكۆیە بوار دەدات بۆ بەدواداچوونی ئاسانی وەرگرتنی بەشە خۆراكەكان و یەكلاكردنەوەی پاشماوەكان و شیكاریی داتاكان و ڕاپۆرت ناردن، هاوكات لەگەڵ بەخشینی ڕوونكاریی-شەفافییەت و بەرپرسیارێتیی بەهۆی توانای بەدواداچوون بۆ چالاكییەكان.

بە PDSی بەژمارەیی كراو، داتاكان بە ئەمنییەتەوە بەڕێوەدەبرین: بە پارێزراویی بەكۆد دەكرێن و دەگوازرێنەوە و هەڵدەگیرێن. هەروەها لەڕووی بایۆمەترییەوە پتەوتر دەكرێت بە پەنجەمۆر و/یان سكانكردنی بیلبیلەی چاو كە بەهۆیانەوە ناسنامە دووبارەكان دەتوانرێت دەستنیشان بكرێن و لاببرێن. پشتڕاستكردنەوەی پەنجەمۆر ئەنجام دەدرێت لە كاتی وەرگرتنی خۆراكەكەدا. سیستمە نوێكە دڵنیایی دەدات كە هەر هاووڵاتییەكی بەمەست وەرگیراو شایستە خۆراكییەكانی وەردەگرێت، بە لە پێشینە دانانی ئەوانەوە كە زۆر لە نەدارییدان لەگەڵ كەمكردنەوەی كات.

هاووڵاتیان كارتی دیجیتاڵ واتە ژمارەیی PDSی پارێزراو بە پەنجەمۆریان پێدەدرێت لەجێی كۆبۆنەكانی ئێستای خۆراك كە لەسەر پەڕە چاپكراون لەگەڵ چوونە ناوەوە بۆ ئەپڵیكەیشن- بەرنامەی PDS ەكەم، كە لەڕێیەوە ئەوان دەتوانن لە دوورەوە داتاكانی خێزانەكانیان بۆ منداڵ بوون ومردن وهاوسەرگیریی نوێ بكەنەوە بە بەكارهێنانی تەلەفۆنە زیرەكەكانیان. بەرنامەی PDS ەكەم ڕێگەچارەیەكی جێگرەوەیە بۆ هاووڵاتییان بۆ وەرگرتنی شایستەكانیان. WFP ئەو بەرنامەیە ئامادە دەكات بە ڕاوێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاووڵاتییان و دانانی سەرنج و پێشنیازەكانیان لەپێناو ئەزموونێكدا كە بەڕاستیی لە سۆنگەی بەرژەوەندیی بەكاربەرەوە هاتبێتە بوون.

ئامادەكاریی بۆ ڕاهێنانی شایستەیی - سەلماندنی بیرۆكە- لە ئەیلولدا دەستیپیكرد، بۆ نیشاندانی سوودەكانی بەكارهێنانی تەكنەلۆژیا تازەكان ودەستنیشانكردنی پێداویستییەكان وتاقیكردنەوەی چارەسەرییە ژمارەییە بەردەستەكان بۆ بەسەردەمییانەكردنی PDS ەكە. پاش بەگەڕخستنی هاوبەش لەلایەن وەزارەتی بازرگانیی و WFP عێراق لە سەرەتای 2019 لە ئۆفیسی سەرەكیی PDS، یەكەم قۆناغ گەیاندنییەتی بە نزیكەی 43,000 كەس لە پارێزگاكانی ئەنبار و بەغداد وبەسرە و دهۆك و مەیسان و نەجەف و نەینەوا، بە كامپی ئاوارەكانی ناوخۆی خازەریشەوە لە نەینەوا. ئامانجی ئەم سیستمە نوێیە ئەوەیە سەرەنجام بگات بە هەموو ئەو 39 ملیۆن هاووڵاتییەی كە تۆڕی پاراستنی PDS لەخۆی گرتوون.

لەسەر ئاستی جیهان، WFP نەریتێكی دوور ودرێژی هەیە لە پشتیوانییكردنی تۆڕەكانی پاراستن. ئەمەش پەرەپێدانی سەكۆ ئەلكترۆنییەكان بۆ تۆماركردن و بەڕێوەبردنی زانیاریی دەربارەی هاووڵاتییانی تۆڕەكانی پاراستن و پەرەپێدانی میكانیزمە داهێنەرەكانی بەئامانج وەرگرتن و گواستنەوەی پارە. هەروەها WFP توانای حكومەت بنیاتدەنێت بۆ باشتر كردنی توانای سیستمەكانی پاراستنی كۆمەڵایەتیی بۆ بەهاناوەچوون لە دۆخە نائاساییەكاندا. WFP ئەو كارەی كرد لە فیجی پاش زریانی وینستن. WFP عێراق پێداچوونەوە دەكات بە ئەزموونی وەرگیراو لە وڵاتانی ترەوە و، پێكەوە لەگەڵ ئۆفیسی سەرەكیی WFP، توێژینەوەی " عێراق- گرێدانەوەی یارمەتییە مرۆییەكان و سیستمی پاراستنی كۆمەڵایەتیی" یان ئامادەكرد لە 2018 [1].

مۆدێرنیزەكردنی PDS یەكەم هەنگاوە بەرەو تۆڕێكی پاراستن كە تیایدا خەڵك چەقی بایەخ پێدان بێت بۆ هاووڵاتیانی عێراق و بەهرەمەند بوون لە دەرفەتێكی ژمارەیی كە بخرێتە خزمەتی كاریگەرییەكی كۆمەڵایەتییەوە.

# ژمارەکان و نیشاندەرەکان

## پەراوێزەکانی داتاکان

**پوختە**

وێنەی پەڕەی پێشەوە © WFP ئینگەر ماریی ڤینیزە

خێزانێکی ئاوارەی ناوخۆ دەگەڕێنەوە ماڵەوە

1. بۆ ئەژمارکردنی سەرجەمی ساڵانە، 40 لەسەد دەرهێنراوە لە سەرجەمی تەکنەلۆژیا بۆ خۆراك بۆ خۆلادان لە دووبارە ئەژمارکردن، بەهۆی تێکهەڵکێش بوون بە 40 لەسەد لەگەڵ پرۆگرامی یارمەتیی گشتیی خۆراك بۆ پەنابەرانی سوریی ، 8370 کەم 40 لەسەد = 5.022 ژمارەی ئەو سوودمەندانەی کە پێی گەیشتوون.
2. بانکی جیهانیی،عێراق- بنیاتنانەوە ووەبەر هێنان،هەڵسەنگاندنی زیان وپێویستییەکان بۆ پارێزگا زیانلێکەوتووەکان، 2018.
3. WFP عێراق (دیراسەیەکی ناوخۆیی)، گرێدانەوەی یارمەتییە مرۆییەکان و سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتیی لە عێراق،2018.

**میانە و چالاکییەکان**

1. بانکی جیهانیی،عێراق- بنیاتنانەوە ووەبەر هێنان،هەڵسەنگاندنی زیان وپێویستییەکان بۆ پارێزگا زیانلێکەوتووەکان، 2018.
2. ئۆچا- OCHA، ڕوانینی گشتیی پێداویستییە مرۆییەکان، 2019.
3. ئۆچا- OCHA، پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی عێراق، 2019.
4. پەیمانگەی نێودەوڵەتیی توێژینەوەی سیاسەتی خۆراك، IFPRI ، 2014.

**دەرئەنجامی ستراتیژیی 01**

1. پێوەری بەکاربردنی خۆراك (FCS) بریتییە لە پێوەرێك بۆ هەمەجۆریی ژەمەخۆراکییەکان، دووبارە بوونەوەی خۆراك و گرنگیی ڕێژەیی بەهای خۆراکیی بۆ ئەو خۆراکەی بەکاربراوە.
2. خەرجییەکی بەرز بۆ خوراك کڕین هەندێك جار نیشاندەرێکی جێگرەوەیە بۆ پشکی خەرجیی خۆراکیی، کە ئاماژە دەکات بۆ لاوازیی هەر کاتێك بەرز بوو.

- ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە بەکاربردنێکی" نزم"ی خۆراکیان هەیە سفر بوو لە ئاستی بنەڕەتbaseline و ئاستی کۆتا end line بە واتای ئەو خەڵکەی هاوکاریی کراون لە بری ئەوە پلەی پەسەندکراو یان حەدیی Borderline یان هەبووە.
- ئامانجەکەش هەر سفر بوو لەم کەیسانەدا، چونکە گروپە جۆرییەکانی تری " پەسەندکراو"/ " حەدیی" پەسەندکراو تر بوون وەك ئامانج.
- ئامانجەکان دەستنیشانکراون لەسەر بنەمای بەها بنەڕەتییەکان – baseline و سەرچاوەکانی پرۆگرامی عێراق CO و تواناکانی.

**دەرئەنجامی ستراتیژیی 02**

1. هەڵسەنگاندنی هاوبەشی لاوازیی (JVA) بۆ پەنابەرە سورییەکان ( WFP و UNHCR و ئۆفیسی ئاماری هەرێمی کوردستان)
2. مەشقی چاودێریی دەرئەنجامی ئاسایشی خۆراکیی(FSOM) ی چارەکی چوارەم هەڵوەشێندرایەوە، بۆ خۆلادان لە شڵەژان لە نێوان سوودمەندەکان کە پێشتر وەڵامی JVA و راپرسییەکانی بەئامانج وەرگرتنیان دەدایەوە. لەبەر ئەمە چارەکی سێیەمی 2018 تازەترین کاتی داتاکانە.
3. ئەنجامەکان بۆ ئەو خێزانانەی بەخێوکارەکانیان ژنن نیشاندەرن بەهۆی قەبارەی نموونەکەوە.

- ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە بەکاربردنێکی" نزم"ی خۆراکیان هەیە سفر بوو لە ئاستی بنەڕەتbaseline و ئاستی کۆتا end line بە واتای ئەو خەڵکەی هاوکاریی کراون لە بری ئەوە پلەی پەسەندکراو یان حەدیی Borderline یان هەبووە.
- ئامانجەکەش هەر سفر بوو لەم کەیسانەدا، چونکە گروپە جۆرییەکانی تری " پەسەندکراو"/ " حەدیی" پەسەندکراو تر بوون وەك ئامانج. سەبارەت بەو "ڕێژەیە لە کۆمەڵگە بەئامانج گیراوەکان کە باسیان لە سوودەکان کردووە لە بنەمای سەرچاوە بەنرخەکە بەهێزکراوەکانی بژێویی"، هەڵسەنگاندنەکە لەسەر ئاستی هەموو بووە.

**دەرئەنجامی ستراتیژیی 03**

ئەوخێزانانەی دەستگەیشتنیان بە بەکاربردنێکی نزمی خۆراکە بە زۆریی پێکهاتەیەکە لە دانەوێڵە و سەوزەوات، تەنها هەفتەی یەك جار. ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە بەکاربردنێکی" نزم"ی خۆراکیان هەیە سفر بوو لە ئاستی بنەڕەت baselineو ئاستی کۆتا end line بە واتای ئەو خەڵکەی هاوکاریی کراون لە بری ئەوە پلەی پەسەندکراو یان حەدیی Borderline یان هەبووە. ئامانجەکەش هەر سفر بوو لەم کەیسانەدا، چونکە گروپە جۆرییەکانی تری " پەسەندکراو"/ " حەدیی" پەسەندکراو تر بوون وەك ئامانج. سەبارەت بەو "ڕێژەیە لە کۆمەڵگە بەئامانج گیراوەکان کە باسیان لە سوودەکان کردووە لە بنەمای سەرچاوە بەنرخەکە بەهێزکراوەکانی بژێویی"، هەڵسەنگاندنەکە لەسەر ئاستی هەموو بووە.

نیشاندەری ئاکامی ژمارەی ئەو کەسانەی ڕاهێنراون لە 2019 دا دەنێردرێت.

**دەرئەنجامی ستراتیژیی 04**

1. شیکاریی گشتگیری ئاسایشی خۆراك و لاوازیی (CFSVA) 2016، WFP .

بۆ زانین، چالاکییەکانی خۆراکدانی گشتگیر لە سایەی دەرئەنجامی ستراتیژیی 01 لە خشتەی داتاکان لەو بەشەدا خراوەتەڕوو.

بۆ زانین، چالاکییەکانی خۆراکدانی گشتگیر لە سایەی دەرئەنجامی ستراتیژیی 03یش لە خشتەی داتاکان لەو بەشەدا خراوەتەڕوو.

بۆ زانین، نیشاندەر بۆ دەرئەنجامی ستراتیژیی 04 بریتییە لە تۆماری پلەبەندیی توانای لەناوبردنی برسێتیی (ZHCS) بۆ خۆراکدان. لەبەرئەوەی (ZHCS) خۆی لەوکاتەوە دەستکاریی کراوە، چیتر پێویست ناکات ڕاپۆرت لەسەری بدرێت.

**دەرئەنجامی ستراتیژیی 05**

بۆ زانین، سەبارەت بە هاوبەشیی پێکردنی مەعریفە و شارەزایی و تەکنەلۆژیا پشتیوانیی هاوبەشکاریی جیهانیی بەهێزدەکات بۆ هەوڵەکانی وڵات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام SDGs، دابەشبوونی جێندەریی تۆمارنەکراوە لەبەر ئەوەی داواکراو نییە لە حاڵەتی پشتیوانیی هاوبەشکارییدا.

بۆ زانین، سەبارەت بە ژمارەی چالاکییەکانی ڕاهێنان/وۆرکشۆپی گروپی ئاسایشی خۆراکیی (FSC) (213 بە کۆی گشتیی)، نیشاندەری ئاکام زیاد دەکرێت لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وڵات ACR 2019.

**بەرەوپێشچوون بەرەو یەکسانیی جێندەریی (نێوان هەردوو ڕەگەز)**

1.هەڵسەنگاندنی پێویستیی فرە گروپ، ئەیلول 2018 .
https://www.humanitarianresponse.info/sites/www.humanitarianresponse.info/files/assessments/reach_irq_report_mcna_vi_sept2018_1.pdf

- ڕێژەی قەوارە/خێزانە بڕیار بەدەستەکان لەسەر ئاستیی هەموو هەڵسەنگێندراوە.

**لێپێچینەوە بۆ دانیشتووانی زیانلێکەوتوو**

بۆ ڕێژەی چالاکییەکانی پرۆژە کە سەرنج و پێشنیازەکانی سوودمەندان لە بارەیانەوە مێنت کراوە و شیکارییان بۆ کراوە و خراونەتە نێو باشکردنی پرۆگرامەکانەوە، هەڵسەنگاندنەکە لەسەر ئاستی هەموومکی بووە. هەموو سەرنج و پێشنیازەکانی سوودمەندان بەهەند وەرگیراون و بەگوێرەی پێویست جێیان کراوەتەوە.

**ژینگە**

1. پرۆفایلی مەترسیی ژینگەی USAID.
https://www.climatelinks.org/sites/default/files/asset/document/2017Mar3_GEMS_Climate%20Risk%20Profile_Iraq_FINAL.pdf

2. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
3. دی پاو، ئەوانی تر (2015)، خستنەڕووی گۆڕانی کەش و هەوا لە عێراق و ئەردەن، پەیپەری کاری ژمارە 27 ICARDA.

**داهێنان**

1. WFP عێراق (دیراسەیەکی ناوخۆیی)، گرێدانەوەی یارمەتییە مرۆییەکان و سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتیی لە عێراق،2018.

## سوودمەندان بەپێی گرووپی تەمەن

| جۆری سوودمەند | ڕەگەز | پلان بۆ دانراو | ئەنجامدراو | %ئەنجامدراو بۆ پلان بۆ دانراو |
|---|---|---|---|---|
| سەرجەمی سوودمەندان | نێر | 416,274 | 397,413 | 95.5% |
| | مێ | 429,550 | 381,828 | 88.9% |
| | سەرجەم | 845,824 | 779,241 | 92.1% |
| **بەپێی گرووپی تەمەن** | | | | |
| پێگەیشتووان (18 بەروە سەر ) | نێر | 197,274 | 210,395 | 106.7% |
| | مێ | 198,790 | 210,395 | 105.8% |
| | سەرجەم | 396,064 | 420,790 | 106.2% |
| منداڵان (5-18) ساڵ | نێر | 174,662 | 124,679 | 71.4% |
| | مێ | 165,080 | 116,886 | 70.8% |
| | سەرجەم | 339,742 | 241,565 | 71.1% |
